# ئیستای کوردستان، کێشەی چینایەتی و ئۆگری ئاپرینی جەماوەری ... موئیەد ئەحمەد

**دەسەڵاتداری ناسیونالیزم لە کوردستاندا**

ئیستا خەڵکی کوردستانی عیراق لە قۆناغێکی میژوویی دیاری کراو و کۆنکریتدا دەژین کە ئەتوانین بڵێین لە باری سیاسیەوە مەرکی ٢٩ ساڵی کاریگەریە کارەساتبارەکانی دەسەڵاتی هێز و حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردی پێوەیە.
دیارە هۆزە سەرکێکانی ئەم بزوتنەوە ناسیونالیستیە بورژوازیە بریتین لە هەردوو حزبی چەکداری میلیشیایی؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی)، کە بە دریژایی ئەو ماوەیە کەمەگەی کوردستانیان وەک ئیمارەتێکی داگیرکراو خستۆتە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی خیانەوە. وە ئەمەش بەحوکمی مانەپەڵەی چەک و سەرکوت و کۆنترۆڵی سەروەت و سامانی وڵات و زاڵی خەشخەیاڵی ناسیونالیستی و "ڕزگاری نیشتمانی" لەناو جەماوەردا، و خۆگریدانەوەی ئەم حزبانە بە ستراتیژی ئەمریکا و ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دەوروبەر وساتوسەودا لەگەڵیاندا...هتد.
لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواشەوە "بزوتنەوەی گۆڕان" وەک هێوتیکی سیاسی حزبی ناسیونالیستی و باڵێکی جیابووەوە لە یەکێتی بووە بە یەکێک لە یاریکەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستاندا. سەرکی پێشووی ئەم حزبە، نەوشیروان موستەفا، کە میژوویەکی دوورودرێژی هەبوو لە پێداگری لە "مانەپەڵەی چەک بە دەست یەکیتیەوە لە کوردستان" و بەرگریکردن لێی، لەپڕ بە خێی و حزبەکەیەوە بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی قەومی- پەرلەمانی نا میلیشیای لە ٢٠٠٩وە.
ئیستاش هەر لە هەناوی ئەم هەلومەرجەدا کە قەیرانی حزبە سەرکێکانی ناسیونالیزم لە لوتکەدایە و "گۆڕان" لە تین کەوتووە و کارەساتێکی گەورە بە خەڵکی کوردستان هاتۆتەپێش، بەشێک لە ناسیونال-لیبرالە بورژواکانی پگەیشتووی ناو خودی هەمان سیستەمی گەندەڵی و تاڵانچیەتی بە ناوی "نەوەی نوێ"وە قوتبوونتەوە بە گیانی کریکاران و هەژارن و بەش مەینەتانی کوردستان. ئەم حزبە سیاسیە پەرلەمانیە بە سەرکێکی سەرمایەدارەوە (شاسوارعبدولواحد) و دەزگایەکی زەبەلاحی میدیایی، هاتۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و ئایدۆلۆژیەت بە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری، گوایا گۆڕە بە

سەرمایەداری بدا لە کوردستاندا، وەک ئەوەی تا ئێستا وا نەبووبێت، وەها و بەچوونە تا سەر ئەسک دژە سوشیالیزمیەکانی نیولیبرلیزمەکەی بکاتە بەرنامەی ناوزایەتیەکانی خۆی و فریوکارانە وەک چارەسەری بیکاری و هەژاری و نەهامەتیەکانیان نیشانیان بدا.

حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش، کە بە درێژایی ئەم ٢٩ ساڵە بەشداری کوشتن و بڕین بوون و زەربەیان بە هەزی میلیشیای چەکدارەوە سیاسەتیان کردووە و چەند لە توانایاندا بووبێت درێغیان نەکردووە لە ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی، هەمیشە بارێکی گەورە و گران و هەڕەشەیەکی ترسناک بوون بە سەر ئەم کۆمەڵگەیەوە. ئەم حزبانەی ئیسلامی سیاسی و پاش چەند شێ و پێک دادانێک لەگەڵ حزبە میلیشیەکانی ناسیونالیزم لە پرسەیەکدا بوون بە ئەپۆزسیۆنی پەرلەمانی وهاوبەشی دەسەڵاتداریەتی میلیشایی ئەم حزبە ناسیونالیستانە.
ڕەگی ئوبژیکتیڤانەی حزبەکانی ئیسلامیی سیاسی لە ئیستادا و لە پەیوەند بە ژێرەمی سیاسی بورژوا ناسیونالیستی کوردستان تەواوکاری ئەم ژێرەمیە. ئیسلامیزم ئەوئەرکە ئەنجام ئەدا کە ناسیونالیستەکان بە حوکمی پێناسە و ئاسەی ناسیونالیستی نیمچە سیکولاریان باش ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەویش بەاوکردنەوەی خەشباوەی ئاینیە لەناو کریکاران و هەژاران و چەوساوەکاندا. دەسەڵاتدارانی کوردستان هەمیشە پێویستیان بەوە بووە کە خەشخەیاڵی هەردوو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و ناسیونالیستی چابووکانە پەرەپێبدەن لەناو چینی نەداری کوردستان تا دووریان بخاتەوە لە گرینی شۆرشگێرانەی کۆمەڵگە و ژیانیان. لە سایەی بارودۆخی زاڵی ئاسەی سیاسی ناسیونالیستی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بە کردەوە هاوبەشی ژێرەمن، واتە هاوبەشی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی کوردیین.

**ئاکامەکانی قەناغی ڕێگوزەر**

بە دیاریکردنی هێوەندی بناغەیی تر کە لە پشتی ئەم ژێرەمە سیاسیە ناسیونالیستیە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیەتی لە هەموو ئاوەیی ئابردووداً، ئەبی بگەینەوە بە ناو کۆمەڵگای کوردستان و دابەش بوونی چینایەتی و مێژووی ئانۆستاوی کێشمەکێشی چینەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە. هەر بەم پێیەش ئەبێ پەیوەندی چینەکان و هاوسەنگی هێزی نێوانیان هەڵسەنگێنین لە بارودۆخی سیاسی

دیاریکراوی ئەمرۆدا.

ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان لە بارەی سیاسیەوە بریتیە لە گۆشەوکامێرەبونی ناکۆکیەکانی حاکمیەتی بەرژوا ناسیونالیزمی کورد و بە خەی "کێشەی کۆنکریتی" دیاریکراوە و لوتکەی مۆژوویکی ٢٩ ساڵەی ئەم ڕژێم و حوکمڕانیەیە. هەر بۆیە شەڕوونەوە و پێبردن بە پێکهاتەکانی و ناکۆکیەکانی و یاساکانی جوڵەی ئەمڕۆی، کلیلی ناسینی داهاتووشیەتی.
بەڵام پێش ئەمانە، کە دواتر دەمە سەریان، گرنگە لێرەدا ئاماژە بە قۆناغێکی ڕابگوزەر (ئینتیقاڵی) بدەم کە لە ئازاری ١٩٩١ وە دەسپێدەکات و یەک دووساڵێک ئەخایەنی. لەم دەوریەدا هێشتا دەسەڵاتی ناسیونالیزم و حزبەکانی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بە تەواوی یەکلا نەبوەتەوە و کێشمەکێش بەردەوامە و ئەتوانم بڵێم مەرکی ئەم قۆناغە بە حاکمیەتی ناسیونالیزمەوە دیارە و بە ئێستاشیەوە.
هەڵچوونی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ و لە جەرگەیدا سەرهەڵدان و چالاک بوونی ئاشکراو و کۆمەڵایەتیانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەنجکێشانە و شۆڕا کرێکاریەکان و شۆڕا جەماوەریەکان بووە هەی ئەوەی کە ڕووبەڕوونەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بخرێتە ئاراوە لە کوردستاندا. ئەم ڕووبەڕوونەوەیە لە واقعدا کێشمەکێشی دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بوو، کە لە لایەک شوراکان و ڕەنجکێشانە کۆمۆنیستەکان و چالاکوانی یەکسانی و ئازادی بوو، و بە هەمووی وەک جەمسەری هێزی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەدا خەی دەنواند، و لە لایەکی ترەوە ناسیونالیزمی کورد بوو بە خەی و حزب و هێزە چەکدارەکانی. هەر بۆیە لەم دەورەیەدا دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی؛ ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم لە کێشمە کێشدا بوون لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان کە بە ماوەیەکی یەک دوو ساڵێ بەردەوام بوو وە مەرکی خەیدا لە تەواوی قۆناغی تازەی کۆمەڵگا و پێوەندی چینەکان و تەرازووی هێزی نیوانیان.

ئەم کێشمە کێشە کاریگەری لە زەر بواردا دانا و پۆسیتی بە ڕەکەینەوە و باسی هەمەلایەنە هەیە بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زیاتر ئەمەوێت جەختی لەسەر بکەم، کاریگەری ئەم کێشمە کێشە چینایەتیە و ئەم قۆناغە ڕابگوزاریە لەسەر خەسڵەتە بناغەیی و چینایەتیەکانی حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا.
ناسیونالیزم هەر لە سەرتاوە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی

بەرژوازی نێک هەر خەسڵەتی بورژوازیانەی خۆی و بەرگری کردنی لە بەرژوەندیەکانی سەرمایە و سەرمایداری بەرجەستە کردۆتەوە بەڵکو لە جەنگیکی دەندانەدا دژمنکاری بە ئەملاوئەولای خۆی پیادە کردووە لە بەرامبەر پڕۆلیتاریای کوردستان و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی ڕۆژانەی کریکاران و زەحمەتکیشاندا. هەر زوو نزیر عومەر و بەکر عەلی تیۆڕ کرد و پێشترەش هەرشی بردە سەر شوراکان و مەقەرەکانی "ڕووتی کۆمۆنیست" و کۆتە دوژمنکاری و پیلانگیڕی بەرامبەر یەکیەتی بەکاران و دواتریش کۆنترۆڵی نەقابە کریکاریەکانی کرد و ڕێگەی لە دروستکردنی سەندیکای سەربەخۆ گرت ...هتد. ئەمە جگە لەوەی کە بە بە هیچ سەکردنەوەیەک هەزارانیان لە ڕێکخراوەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نەداری کۆمەڵگای کوردستان ڕەوانەی جەنگەکانی ناوخۆیی خۆیان کرد و دایانن بە کوشت لە پێناوی ئامۆژگاری ئەم یا ئەو هەزی میلیشیایی کۆنترۆڵی کوردستان بکات.
گەر لە ئیستادا و پاش ٢٩ ساڵ سەیرکی میدیا و گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژیای زاڵی ناسیونالیزمی کورد بکەین ئەبینیین کە نیشانەکانی ئەم قۆناغە ڕەگوزەڕی هەشتا لە خۆدا هەڵگرتووە، و لە سەر بنەمای بەرژوەندە چینایەتیەکانی بەرژوازی کوردستان لە ئەمڕۆدا و لە درێژەی دژمنکاریەدا بەرامبەر چینی کریکار بەرهەمیان ئەهێنێتەوە. میدیا و گفتوگۆ و گوتاری سیاسی زاڵی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا یا باسی ئەم قۆناغە ڕەگوزەڕە ناکات و قۆقەپی لە ئاکات یا لە ڕوانگەی سیاسی چینایەتی بورژوازیانەی خۆیانەوە ئەیشۆنن.
کەم میدیا و گوتاری سیاسی وڵاتانی جیهان هەیە، ئەوەندەی میدیا و گوتاری بەرژا ناسیونالیزمی کورد بژارکراوەت لە بەکارهینانی هەر دەربڕێنێک و هەر ووشەیەک و کۆنسێپتێک کە باس لە سوشیالیزم و کۆمۆنیزم و ڕێگای ئازادیخوازانەی چینی کرێکار بکات، و باس لە بۆها ئازادیخواز و یەکسانیخوازیەکانی بەزوتنەوەی ئەم چینە و پڕۆلیتاریای سۆشیالیست بکات. یا ڕونتر بڵیم، کەم دەسەڵاتداریەتی و ڕووتە سیاسیەکانی بورژاوزی هەن ئەوەندەی ئەمان توانیبێتیان جێنسایدی کەلتوری ڕۆشنبیری سۆشیالیستیان کردبیت لە کۆمەڵگەدا. ئەم دژە سۆشیالیزم بوونە ترادیسیۆنی بە ناو "خەماڵی" کوردی نیە ئەمە جەنگی هوشیارانەی بەرژاوازی جیهانی و تایبەتمەندی بورژوا ناسیونالیزمی کوردە بە دژی چینی کریکار و نەداران و بەشکە لە پیداویستە سیاسی و فکریەکانی ئەم چینە سەروەڕی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەی و بە بە ئەمە کاری ناوات.
نێک هەر کریکاران وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی ئێنتەرناتیۆنالیزمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باس ناکرێت و بە دابەاو لە کارکتەر

ئینترناسیونالیست و جیهانیەکەی وەنا ئەکرێت لە ئاوهەوای سیاسی و فیکری زاڵی ناو کوردستاندا، بەڵکو حاشا لە هەبوونیشی ئەکرێت. لە باشترین حاڵەتدا وەک تەژێک کە مووچەی ئەبەدرێت و کاری نیە و ناڕازیە نیشان ئەدرێ و وەنا ئەکرێت. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانی کوردستانەوە چینی کریکار ئەتوانی تەنها و تەنها بە ناوی نەتەوە و ئیسلام و فرەشیاری ئازادی کاکایەوە، کە هیزی کاریگەری، هەبوونی کۆمەڵایەتی هەبێت و هیچی تر. واتە کۆنسێپتی هیزی چینایەتی سۆشیالیزم بە بەردەوام ئاسەتەوە لە زەینی کۆمەڵگەدا تا پێ بکریتەوە بە ئایدیەلۆژیای ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و لیبرالیزم، و ئامانجی هەر ئەزموونی بورژوازی جیهانی نیە کە هیزە سیاسیەکانی بورژوازی "خەماڵی" لاسایان بکەنەوە بەڵکو ئەزموونی هەمان ئامانجی هیزە سیاسیانە خەباتی و بە تایبەتی ناسیونالیزمی کورد کە لە شەڕدا بوون وبەردەوامیشە لەم شەڕە لە بەرامبەر چینی کریکار و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

**قەیرانی ئۆرگانی سیاسی ناسیونالیزم و بەختەی سۆشیالیستی**

ئەمڕۆ ئەم ئۆرگانە لە قەیرانێکی تۆندوتیژی سیاسی دایە و تەنانەت خەریکە وەک قەوارەیەکی سیاسی ئەبێ بە دوو ئیدارە یا زیاتر بەڵام دوو ئیمارەت، و لە ژێر سایەی ئەم حوکمرانیەدا زەربەی زۆری جەماوەر لەوپەڕی فەلاکەتی ئابووریدایە و بە هیلاک چووە. هەروەها تۆوزمی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتیە و پەرسەندنی ناکۆکیەکانی ناو خودی ئەم ئۆرگانە سیاسیە خانوادەیی و میلیشیایە لەوە زیاترە کە بتوانرێ بە ئاسانی و تەنها بە سەرکوت ڕابگیریت. بە کورتی، وەک وەک لینین ئەڵێی "دەسەڵاتداران ناتوانن وەک جاران حوکم بکەن" و خەڵکی هەژار و ناڕازیش "نایانەوێت وەک جاران بژین". ئەمە بە خۆی لایەنەکانی باردۆخێکی شورشگێرانە نیشان ئەدەن و لەگەڵ هەر پلەیەکی بەر چاو لە پەرسەندنی ئامادەیە سیاسی و خەڵکخراویەکانی چینی کریکار و نەداران ئیگەیت بە قەیرانیکی شۆڕشگێرانە و هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی شەرش و ئاوگەڵێی ڕیشەیی.
لەم هەلومەرجەی ئیستای کوردستاندا، نە هاواری "نیشتمان" و"نیشتمان پەروەری" بەرژوا ناسیونالیستی کورد و ئینتلیجنسیاکەی ئەتوانی گەبیستی ئەوتەی هەبە لەناو ڕیزی هەژاران و نەداراندا، و نە خەڵکگەرایی ناسیونالسیتی ووردە بورژوازی کاریگەری ئەوتوی ئەبێت لەسەریان. ئاشکرایە قەتیس بوونی کریکاران و زەحمەتکەشانیش لە چوارچێوەی ناڕازایەتی دەربڕین لەبەرامبەر گەندەڵی و دەسەڵاتداریەتی میلیشیایی و مووچەبڕین کاریان مەیسەر ناکات و

ئاکسیۆنی پڕژووبۆاویشیان ناتوانێ کاریگەر بێت لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا.
هەر بەیە ئەمڕۆ لە هەرکات زیاتر زەرورەتی چارەسەری کێشە سەرکیەکانی کەمەڵ بە شیوازی شۆرشگێرانە و دژچوونی شۆڕشگێرانە لەم بارودۆخەی ئیستا هاتۆتە پێشەوەی هێزەندە سیاسی و کۆمەڵیەتیەکان. بەڵام ئەم ڕێگە دژچونە شۆرسگیرانەیە لە خێوەت هەڵناقوڵی و گرێخواردووە بە مەودای پڕەسەندنی کێشمەکێشی سیاسی چینایەتی و ئاکامی شێلگیرانەتیقی بەرژوازی و کرێکار؛ شۆشیالیزم و کۆمیتالیزم لە کوردستاندا.
هەرچەندە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزمی کورد کەوتۆتە ناکۆکیەکی بەچارەسەر لەگەڵ زۆربەی جەماوەر و لەگەڵ کەمەڵگەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی سیاسی و هێکخراوەیی و فیکری چینی کرێکار و تێزە کانی دەوری ئەم چینە لاوازە. دیارە ئەمانە هەمووی ئەتوانرێ بە شیوەی چەنایەتی (نوعی) و خۆرا بگەڕێت لە بارودۆخی قەیرانی شۆڕشگێرانەدا.
هەنگاوی یەکەم لە هەموو ئەم هێوانەدا ئەوەیە کە هێنە لە "دەسەلاتی کوردی" لە هوانگەی چینایەتی کرێکارەوە بەرجەستە بکرێتەوە. هێنەی چینایەتی کرێکار هێنەیە لە ژێم و دەسەڵاتی سەرمایە، دەسەڵاتی بورژوازی کورد، نەک بەتەنها هێنە گرتن لە گەندەڵکاران و میلیشیاکان و دەسەڵاتی بنەماڵەکان. هێنەی مەڵاڵی دەردی کریکاران و چەوساوەکان و بەبەشان دەرمان ناکات، ئەوان بە خەیان هێنەی کەمەڵایەتی و چینایەتی بە کردەوەن لە سیستمی سەرمایەداری، و تەنها لە ڕێگەی بە هیز کردنی هێنەی سوشیالیستیان لەم سیستمە و نوێنەرە سیاسیەکانی لەوانە ناسیونالیزم و ژێمە سیاسیەکەی لە کوردستاندا ئەتوانن هابەری سیاسی شۆش و گەرانکاری شۆرشگێڕانەی کەمەڵگە بن.
ناوەڕۆکی چینایەتی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەرژوازیە و دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە و سەرمایەداریە وئامرازی سەرکوتی دەستی ئەم چینەیە بە دژی چینی کریکار وزەحمەتکێشان، ئەمە ئەو فاکتەیە کە بەبە هێچاوکردنی و بەبە هێنەی سۆشیالیستی لەی، چینی کرێکار و نەداری کوردستان ناتوانێ دەوری مێژووی خەی بگێڕی لە بارودۆخی شۆرشگیرانەی ئەمڕدا.
ئەوە هاستە کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالی کوردستان گەندەڵ و بەبەاکن لە بەرامبەر داوکاریەکانی جەماوەردا، بەڵام لە سەرمایەداریدا بە گشتی گۆشەی ئابوری کەمەڵگە بەم شیوەیە ئەواتە پێشەوە و تاکە جیاوازی ئەوەیە لەگەڵ وەاتانی تردا، گەر بەرواوردکەمان لەم بوردا بیت، کە گەندەڵی تا ئاستێکی خنکێنەر

بەربەرەکانێ لە کوردستاندا و زەربەی هەرە زۆری دانیشتوان و لەوانە بەشیک لە سەرمایە بچوک و ناوەنجیەکانیشی بەجارێ هەرسان کردووە. دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی کە هەناسەی لە کۆمەڵگە بڕیوە لە واقعدا شتێک نیە جگە لە فۆرمی سیاسی دیاریکراوی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا هەر بۆیە جیاکردنەوەی فۆرم و ناوەرۆک لە یەکتر و پێوانەیان بە دوو ئەندازەی جیاواز هەڵیەکی کوشندەیە بە پرۆلیتاریا.

**بۆرژوازی دەسەڵاتدار و سەرمایەی کۆمەڵایەتی**

دیارە، دەسەڵاتی ئیستای کوردی بۆزەقی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە، کە ئەمەی دووهەم بە خۆشی ئاڵقەیەکە لە ئەنقەکانی سەرمایەی جیهانی، و ئەم دەسەڵاتە بەگشتی سەروەری سیاسی چینێکی کۆمەڵایەتی نمایش ئەکات کە بورژوازی کوردستانە. وەک هەر کۆمەڵگەیەکی کاپیتالیستی پێوەندی سەرمایە و ژێرخانی ئابووری سەرمایەداری بناغە و پایەی ئەم ژێرەمە سیاسیە ناسیونالیستیەی کوردستانیشە و لەرەوە هەڵزوەرئەگری و ئەمیش بەهێزی خەی ئەکەوێتەوە خزمەتی.
هەر لەم ڕاستایەدا ئەبینین کە تەئریکی دیاری کراو لە سەرمایەدارانی ملیاردێر وملیۆنێری ناو ژێرەمەکە و دەرەوی ژێرەمەکە هەمیشە کاریان لە بڕەوداید و ئەمانە خەریکی وەگەڕخستن و کەڵکەڵەی سەرمایەن لە هەموو کەرتە پیشەسازی و خزمەتگوزاری و بازرگانی ومالیەکان و پرۆژە جوراوجۆرە ئابووریەکاندا. هەموو ئەم سەرمایە گوزاریانە لە ژێر سایەی ئەم ژێرەمەدا بە تۆندی گرێدراونەتەوە بە گەندەڵی و قۆرغ کردنەوە و کەڵەکەی سەرمایە بە قەبارەیەکی هەجگار گەورە زیاد ئەکات.

بە سەرمایەی "نەتەوەیی" کورد واتە "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" ئەوە گرنگ نیە دەسەڵات بنەماڵەیی بێت یا پەرلەمانی بۆ ئەندازەیی کە سەرمایە کاری بۆوات. فۆرمی سیاسی ژێرەمی لە سەر کاربوی ئیستا و میلیشیایی بونی ئەم ژێرەمە و گەندەڵی و دوو ئیدارەیی و نەبوونی بنەماکانی دەوڵەتی ئاسایی بورژوازی، لە گەڵ ئەوەشدا نەگونجاوە لەگەڵ پیداویستە ئابوری و یاسایی و ئیداریەکانی سەرمایەی نەتەوەیی، بەتام لەباری سیاسیەوە نەک کەشە نیە بۆ بەکۆمەڵ زۆرەتەکە بە سەرکوتی چینی کریکار و پەرژوبەاوپێکردنی ئیزی خەباتی لە ئیستادا.

هەروەها ئەوە ڕاستیەکی بەرچاوە کە میژووی سیاسی ئەم ژێرەم و دەسەڵاتی کوردستان جیابووە نیە لە گەشەی ئەم سەرمایەداریەی کە

ئیستا هەیە و بەم شیوە کۆنکریتەی. قسەکردن لەسەر خراپی و باشی ئەم ژەمە سیاسیە میلیشیاییە لە پێوەندیە بە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی کۆمپانیاتیەوە لە کوردستاندا جیاکردنەوەی زەرەملییانەی سیاسەت و سەرمایە و سەرمایەداری ئەم کۆمەڵگەیە لە مێژوی کونکریتی خۆیدا و لە دوا شیکردنەوەدا ڕەهانسیزمی ناسیۆنالیزمی ووردە بورژوا و ڕەشنبیرانیەتی. ئەوەی لە کوردستاندا ئەگوزەرێ لە ڕووی سیاسەوە و بەم دەستەواتە گەندەڵ و میلیشیایی و بنەماڵەیەوە ئەوە میژووی خودی ناسیونالیزمی کورد و هتد و نەخشیەتی لە پێوەند بە گۆشەی سەرمایە و سەرمایەداریەوە و بەشیکی ئەرگانیک و سوپەر ستراکچەری سیاسی سەرمایەیە.
لە سەرمایەداریدا ئەوە گرنگ نیە کە سەرتا سەرمایە لە کوێوە هاتووە و چەند تاکانیە و بۆچ میکانیزمێک کۆبوتەوە. ئەوە گرنگە کە کاری کۆمپانیاتی مۆنۆپۆکراوە و لە فۆرمی سەرمایەدا و لە جوڵەکەیدا گەورەتر و گەورەتر ئەبێت. هەر وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی تری هاوچەرخ گۆشەی ئابووری سەرمایەداری لە کوردستانیشدا بەوە ئەپشورە کە چەند سەرمایە کەمکە بووە. ئەی ئەوە نابوو جلال تاڵەبانی کاتی خۆی پارەسەندنی ئابووری کوردستانی بە ژمارەی ملیۆنەرەکانی کوردستان ئەپشوا. ئەوە قسەی سەرزارەکی نابوو بەڵکو ئەوە لەژیکی سەرمایە و نوێنەرەکانیەتی و گۆشەی ئابووری بە قەبارەی کەمکەی سەرمایە و ڕێژەی قازانج ئەپشورە نەک چەند جەماوەر لە خۆشگوزرانیدا ئەژی یا ناژی.
مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیش لە هەر کات زیاتر بە گوڕەی بورژوەندیەکانی سەرمایەی گەورە ئەواتە پێشەوە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا بوتە مەسەلەی پەداوستیەکانی ئەم بەشە لە سەرمایەی نەتەوەیی کورد و بەندوبەستەکانی بە بورژوازی جیهانی و ناوچەیەوە.

سەیری ڕیزی هەموو ئەو ملیاردەر وملیۆنەرانەی کە لەناو یەکیتیدا دروست بوون و ئیستا لە ناو پارتیدان یا بەدەوڵەن کە لەگەڵ پارتیدا بسازێن، ئەمە لەژیکی زەمینی و جیهانی و بورژوەندی سەرمایەی لە پشتەوە وەستاوە. ناسیونالیزم و پارتیزانی ناسیونالیستی سنوورەکانی خۆی لەسەر زەمینەی بورژوەندەکانی سەرمایە ئەبەزێنێ. ناسیونالیزمی کوردی و "نیشتمان پەروەری" ناسیونالیزم لە کۆتایی ئەم ٢٩ ساڵەدا بە جارێ پەردەی لەسەر خۆی هەماڵیوە و ڕەکوەوان بورژوەندیەکانی سەرمایەی گەورە و هەر بەو پێش سەرمایەی کۆمپانیاتی نوێنەرایەتی ئەکات.
لەگەڵ ئەم واقعیەتەشدا کەچی هەوە و تەقەلا فریوکارەکانی بورژوازی

ناوەنجی و پرتەوبڵای توژە وردە بورژوازیەکان وەشنبیرانیان نابەتەوە و ئایانەوت جارکی تر خەکی کریکار و زەحمەکەش بە سزی نیشتمانی و مرای نا مەعقولی تاان چتی و گندی مشغوڵ بکن، و جارکی تر بە ناسیونالیزمی خەکگرا سرمان لە تک بدن.
هر بم پیش دورمانبخنەوە لە کشەی ئسی کە سروری چینی بوارژوازی کورد و ژمەکیتی بسر کمەگەوە کە سرچاوی مینتیکانە و گندی و میلیشیا و دسەاتی بنماش بشی دانپچراویتی، هروها بە نان و ئاوی جماوری کوردستانیش هر لیرەوین.
زگاربوون لە بارودخی ئمری کوردستان و خبات بە هنادی ئم ئاگریە ئەوە دەخوازی کە استیە چینایەتکانی کمەگا و کیشمەکەشکانی چنن ئاوا بخرنەوو و خکی چەوساوە و نداری کمەگە برچاویان ەوون بت کە لە کوی ئم کیشمەکەشدان و لە خباتی سیاسیاندا گورزکانیان بە کی بوشنن. جنگی چینایەتی کوردستان بە ناچاری مرکی خی داوە و ئیدات لم بارودخە سیاسیی کە ئیستا پدا تئپەی.

**اپرین لە کوردستاندا، ئاسە و چلنجکان**

ئمە نازایەتی و بزاری لوپەیدایە لە کوردستاندا و ئگری تقینەوی جماری و سرهدانی اپرینکی گشتگیر هیە لە چشنی ئەوی کە لە شارکانی ناوەاست و خواروی عراقدایە، بەام ئم ئگرە چند ئبی بە واقیع پیوستە بە زر فاکترەوە و ناتوانری پش وخت جختی لە سر بکرت.
ئەوی کە گرنگە لەرەدا ئاماژی پبدم ئەویە کە هەمان ئەو چلنج و مسلە بناغیانی کە ەووبووی اپرینی کرکاران و زحمکیشان و لاوانی کچ و کوە و قوتابیانی خوار و ناوراستی عیراق بوتەوە، ەووبووی هەمان ئم چین و تیژانی کوردستانیش بوتەوە. بکاری و هژاری و داهاتووی نادیاریان تنگی بە هردوو لایان هچنیوە، و هردولا لە برامبر جرک لە ژمن کە هیچ یفم و چاکسازیکیان لە باردا نیە. هردوو جماوری عراق و کوردستان، بە تایبت لە سالە ۲۰۱۱ وە، چندین خپشاندانی گوریان کردووە و دیان و دیان لە خپیشاندران کژراون لە کوردستاندا، و لە ناوەاست و خواروی عیراقشدا هر تنها لە اپرینی ئکتبری ۲۰۱۹ وە، کە هتا ئیستاش بردوامە، سدان لە کچان و کوانی اپیووخەتانی خین کراون و بە دیان هزاریشیان لە بریندار بووە و سدانیشیان لە گیراوە و فینراوە

لە لایەن میلیشیاکان و دامودەزگا ئەمنیەکانیانەوە. هەر بۆیە گرانگاری شەرشگێرانەی هەردوو ژنەمی بەغدا و کوردستان بۆتە مەسەلەی سیاسی سەرەکی ژیانی هەردوو کۆمەڵگاکە.

ئەبوونی هاوسەنگی هێزی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و هەر بەوپێیەش هاوسەنگی هێز لە نێوان هێز و هێزەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و نەداری کوردستاندا جیاوازیەکی کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا هەیە و هێزەها هێوندە سیاسیە کۆنکریتەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش کارەکتەری دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە لەو ڕاستیە ناگەیەنێت کە ئەم دوو ژنەمە کۆتونێتە ناکۆکیەکی بە چارەسەرەوە لە بەرامبەر زەربەی زەری جەماوەردا. تێوژمی پەداویستی گەیانکاری ڕیشەیی و وڵانانی هەردوو ژیم لە کوردستان و لە عیراقدا لەوە بەهێز تر نە کە بە خەشخەیاڵی ناسیونالیستی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و نەتەوەیی بەری پێبگیرێت. هەر ئەمەش کە وادەکات هێوندی بەرجەستەبونەوەی هاوخەباتی نێونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوئاهەنگی خەباتی لاوانی شەرشگێری هەردوو کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان ئەگەرێکی بە هێز بێت و ڕوو لە پێش بێت.

## ئەپەزسیونی بورژوازی و ئینتلجنسیای بەرژوا ناسیونالیستی کورد

کۆنترۆڵی بە سنوری هەردوو حزبی بنەماڵە و هێزی میلیشیان بە سەر شاخونبەری ئابوری کوردستان و فشەلیان لە "دەوڵەتداری" و دابین کردنی پیداویستیەکانی "دەوڵەتی بورژوازی کوردی" و درێژدانیان بە دوو ئیدارەیی، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕیزێکی فراوان لە بورژوازی ناوەنجی و ووردە بورژوازی و ئنتلیجنسیای ناسیونال-لیبرال و بورژوا ڕیفۆرمیستی سیاسی، ناڕازی بێت و بکەوێتە کشمەکیشەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کوردیدا. وە هەر لەم ڕاستایشدا حزبی ئەپەزسیۆنی بورژوا ناسیونالی ناوخۆی ژیمەکە پەیدا ببێت لە کوردستاندا.
چینی کریکار و نەداری کوردستان و ڕیزی بەرینی بەکاران و کارمەندان و خاوەن کاری کاتی و کەم دەرامەت و هێزارکراوان کە لە ژێر باری قورسی ئەم ژنەمەدا هەر ژێر بەدەست بەکاری و بگوزرانیەوە ئەناڕەحەتن و دڵزگاکانی سەرکوتی سیخوڕی و میلیشیایی "دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردی" ناڕەزایەتی و خۆپشاندانەکانیان سەرکوت ئەکات، بە دوای ڕێگە-دەرچوونیکی ڕادیکاڵەوەن لە کارەسات و کێشە و بەندەکانی ئەم ژنەمە. ئەم جەماوەرە بەرینە بە ئەزمون و

هۆشیاری سیاسی خەیان بەیان دەرکەوتوە کە ئەم ژەمە چاکسازی هەڵناگرێ و ئەبێ لا ببرێت و نەمینێ.
دەستەات و حزب و هێزکانی و هێزوها ئۆپۆزسیونی بورژوازی دەرونی دەستەات هەمیشە لە هەوڵدا بوون کە ڕێزکانی خەبات و تێکۆشانی پرۆلیتاریای کوردستان بە هەزار و یەک شێوە دەرگیری پڕژو بڵاوی بکەن. یەکێک لە چڵەنجکانی خەباتی ئەم چینە نەدارێی کوردستان جیاکردنەوەی ڕێزی سەربەخۆی خەیاتی لە ئاست و سیاست و ستراتیژی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بورژا ناسیۆنالیستە.
ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالستیتی کوردی مەیدانی سیاسی کەمەگۆی کوردستانیان بە چەندین ساڵە جێنجاڵ کردووە بە هاتوهاواری خەیانەوە و بونەتە یەکێک لە هۆگرە سەرکیەکانی بەرەوپێشچوونی ڕێزی خەباتی سەربەخۆ و یەکگرتووی کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشان بە ئەنجامدانی گەرانکاری شۆرشگیرانە و ڕیشەیی لە ڕەگەی ڕوخاندنی ئەم ژەمەوە. ئەوە بوو خۆپشاندانەکانی ٢٠١١یان بە لاڕەدا برد و کردیانە دەنگ کەکردنەوەی کورسی پەرلەمان و وادەدانی چاکسازی درێنە و بەتینکردنی وزەی شۆشگەرانەی جەماوەری ئاپەریوو.

ئەو جۆرە چاکسازیە بورژوازیانە ئامانج لێیان بەجۆهەنانی بورژوەندی ئەم بڕشە ناوەنجی و بچووکانەی سەرمایەیە لە کوردستاندا تا کاروباریان بەوات و ژیم چاکسازی بکات و بتوانی نوێنەرایەتی یەکسانی هەموو خاوەن پوڵ و پارەکان و ئامازەکانی بەرهەمهێنان بێت. لەم نێودا گوایە کرێکاران و کارمەندان و بێکاران و نەداران لە سایەی کەسبوکاری ئەماندا و بە نەمانی دزی و تاڵانی حوکمی بنەماڵە ئەحوەنەوە. ئەمە لە خۆکردنە چاو زیاتر هیچی تر نیە، و نەداران و خۆکی زەحمەتکێش لە ژێر سایەی بورژوازی بچووک و ناوەندییدا زیاتر ئەچەوسێتەوە و ئەوە ئەزمونی تاوای جیهانە. ئەم بڕشە لە سەرمایە و نوێنەرە سیاسیەکانیان هیچ شتێکی هاوبەش کەیان ناکاتەوە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و بە پێچەوانەوە ئەمان ئەبنە سووتەمەنی هێنانەدی ئامانج و سیاست و ستراتیژکانی ئەم بڕشە لە چینی بورژوازی.
پیداگری لەسەر ستراتیژ و سیاستی گەرانکاری ڕیشەیی وەامایینی ژەمی بورژوا ناسیونالیست لە کوردستاندا پێش هەموو شتێک پێویستی بە سنووربەندی چینایەتیە لە بەرامبەر ئاسای ئیفڵمخوازی بورژا ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالیستی کوردستان، ئەمە جگە لە ڕیسواکردنی ناوەکی چینایەتی بورژوازیانەی ئیسلامیکان و ڵ و نەخشی دژمنکارانیان لە بەرامبەر خەکی کرێکار و نەدار و زەحمەتکێشی

کوردستاندا.
هەر بۆیە لە پێوەندیی بە رێگە-دەرچوونی سیاسی لەم بنبەستەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تێکەوتوە بە هەی دەسەڵاتی ناسیونالیزم، لە خۆتی گشتیدا دوو سیاست و دوو ستراتیژی سەر بە دوو چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادیە. یەکەم ستراتیژای سۆشیالیستی چینی کریکار، و دووهەم، ستراتیژی بورژوا ناسیونالی دەوڵەتگەرای بورژوازی.

**ستراتیژ ودروشمی ئاپەرینی جەماوەری وگشتگیر لە کوردستان**

خەپشاندان و ناڕەزایەتیەکان لە کوردستاندا هەردەم بەردەوام بووە بەڵام تا ئیستا نەبوتە ئاپەرین و خەپشاندانێکی جەماوەری لە سەرجەم کوردستاندا و نەبوتە هۆشیەکی جیدی بەسەر دەسەڵات. ئاپەرینی خەڵك ناتوانرێ پێشوەخت پێشبینی بکرێت و فاکتەر زۆرن بە سەرهەدان و هەڵنەدانی بەڵام ئەوەی کە گرنگە لەوەی عەمەلیەوە ئەویە کە هەر وەک چۆن لە ناوەراست و خواروی عێراقدا دروشمی وەلانانی رژیم بوتە ئەجندای ئاپەرین، بە ئای من، بە هەمان شیوە ئەتوانرێ وەلانانی شەرشگیرانەی دەسەڵات ببێتە دروشمی ئاپەرینی گشتگیر لە کوردستاندا.
ئاشکرایە کە پرسەی خەباتی سیاسی چینایەتی و پەرەسەندنی ناکۆکیەکان و هەکارەکانی ئەو پرسەیە بە گێرەی بەرنامە و ئەجندایەکی پێشوەخت دارێژراو ناچێتە پیش و کەسیش ناتوانی پێشبینی بکات، بەڵکو بە گێرەی پرسەیەکی ماددی و مێژوویی ناو جەرگەی کۆمەڵگە لە جووڵەدایە و لە بەرەوپێشچوونی ناکۆکیەکانی پەیدا ئەبن و بەرەوپێش ئەچن. مارکس ئەڵێ "کۆمەڵگەی مرۆقایەتی بە ناچاری تەنها ئەو کێشانە ئەخاتە ئەستەی خەی کە بتوانی چارەسەریان بکات چونکە ...خودی کێشەکە تەنها کاتێک دێتە ئاراوە کە هەلومەرجە مادیەکانی چارەسەری پێشتر هەبن یا لە پرسەی دروستبوونداین"( پێشکی بە رەخنەی ئابووری سیاسی). ئەگەر ەوخاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا بوتە ناچاریێک دیارە رێگە چارەکێشی لە ئارادیە، بەڵام پێوەستە بە پلەی چوونەپێشی هەزی ەکخراوی چینی کریکاری کوردستان و زەحمەتکێشان و گەنجانی کچ و کوڕی ئەم چینە چونکە ئەمانن کە بەرژەوەندیان هەیە لە فراهەمهێنانی ئاگۆی ێشەیی و ئەمانن کە ئەتوانن ئەڵتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە بن. ئەو کێشمەکێشە سیاسی و چینایەتیەی کە لەباری میژوویەوە لە ۱۹۹۱وە هاتبوە سەر شانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان و قەناغێکی ەگوزەری پێکهینا بوو ئەستا بەچەندین قات زیاتر خەی دوبارە ئەکاتەوە.
ێزی ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەدارنی کوردستان هەزکی

کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆر بەهێزترە لە ناوەی ئازاری ١٩٩١ و ئەمرۆ تەکنەلۆجیای های تەک و کۆمپیکەیشن و کۆمپیوتەر و پیشەسازی گەورە هەیە کە ئەو کات یا هەر نەبوو یا لە ئاستێکی نزمدا بوو، ئەمە هەموو ئەمانە بەرهەمداری کاریان بە شێوەیکی زۆر بەرز بردنە پێشەوە و نێک هەر زەمینەی ماددی گەیانکاری سۆشیالیستانەی کۆمەڵگەیان پتەو تر کردووە بەڵکو هێزی چینایەتی ئەم گۆرانکاریانەشیان بە شیوەیەکی یەکجار زۆر بەهێز تر کردووە. گەیانکاری سیاسی شۆرشگیرانە و هەڵپەچانی ئەم ژەمەی لە ئارادایە لە ڕێگەی شۆشی کریکاران و چەوساوەکانەوە لەهەر کات زیاتر لەسەر بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ئەتوانی شکێبگرێ و بەواتە پێشەوە.
ئەم فاکتەرە ئەبژیکتیڤانە زۆر زیاتر لە ١٩٩١ لە بەرژەوەندی چینی کریکار و بزوتنەوەی سۆشیالیستی گەڵاوە و ئەوەی کە ماوە بەرەوپێشبردنی ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری ئەم چینە و بزوتنەوەکەیەتی کە ئەمڕۆ لە هەلومەرجی شۆرشیگێرانەدا خۆی بە شیوەیکی شۆرشگیرانە و خۆرا ئەگەیەنێ.
ستراتیژی وەلانانی ژیم لە کوردستاندا هەروەک ناوەڕاست و خواروی عیراق هاتە دەستوری کارەوە و خەسڵەتی کۆنکریتی ڕەوەندە سیاسیەکانی هەر یەکەیان لەم مەسەلەیە ناگەیت و ئەوەشی کە کوردستان هەرێمە و دەوڵەتکەی سەربەخۆ نیە لە زەرورەت و ئیماکانیەتی ئەم ستراتیژە کەم ناکاتەوە. یەکانگیربونی ڕوباری ئەم دوو بزوتنەوە جەماوەریە و بەرەوپێشچوونی مارشی سەرکەوتن بەسەر ئەو هەموو ڕێگری و بەلاڕێبردنەدا کە بەرژوازی دەیانخاتە بەردمیان زەرورەتکی ڕەوەندە سیاسیەکانی ئەمڕی ئەم دوو کۆمەڵگەیەیە.
لە هەموو ئەو پرسەیەی کە لە ئاکامی ئەم وەزعەی ئێستادا سەرهەڵئەدا لە کوردستاندا، ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای کوردستان و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو هێزکانی بورژاوازی و بە بەردەوامی فەرزکردنی داواکاری و ئامانجە چینایەتیەکانی خۆی سەنگی مەحەکە تا بتوانە قەیرانی ئەمڕی کوردستان لە بەرژەوەندی خەباتی سیاسی چینایەتی خۆی بشکێنێتەوە.
هەر پلەیەک لە بەرەوپێشچونی خەباتی سیاسی چیانەتی کریکاری و سۆشیالیستی لە کوردستاندا پلەیەکە لە بەرەوپێشچونی ئەم بزوتنەویە بە وەرگرتنی دەسەڵات لە کوردستاندا. هەر لەرەشەویە کە پرۆلیتاریای کوردستان بە ئاسۆ و پەرچەمی سۆشیالیستیەوە ڕێگە چارەی هەموو ئەو کێشە هەمەگیرە سیاسیانە بە ئاکام ئەگەیەنێ کە کۆمەڵگای داگرتووە، ئەویش بە گەڕەی بەرژەوەندیەکانی خەباتی سۆشیالیستی خۆی، لەوانەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد.

موئیەد ئەحمەد
١٦ ئەیاری ٢٠٢٠

---

# بکەری مەژوویی تاکەو ! … زگار عومەر

هەموو دەسەاتکی سیاسی بە پی ی ئەو سیستەم و ژیانی دیخوەقنە سیماکانی درژخایەنی و کورتخایەنی تەمەنی سیاسی خشی دیاری دکا ! ەنگە لەو تەمەندا هەورازو نشوی زر هەبت، بەام " مانەو" هەمیش قاچی لەویە سیستەم بە دستی خی چی برهەم هناوە بە " نمانەو".

ئزومونی بەعس چ وکو حیزب، چ وکو دسەات، چ وکو برنامەی دوەت لە گە شەی کوەت کتایی نهات، بەکو دستپکی ئەم کتاییە ئەو دەمە دستی پکرد کە لە حفتاکان عسکرکان شونی سیاسیە مدنیکانیان گرتەو، دواتر لە نەو عسکرکان تنیا تکریتیکان پلەو پایەو دسەاتیان پدان، دواتر لە نەو تکریتیکان تنیا یک خ، دواتر لە نەو یک خ تنیا یک بنماە، دواتریش لگە دانی شەی کوەت و گمارەی ئابوری ناکیکان پەیەو نەو ئەو بنماەو براکانی سدام تە کران، کورکان و زاواکان شونی گرنگیان وەرگرت جیابوونەوکان دژایەتیکان بسەربینی یکترو بە وخانی یکجارکی لە ٢٠٠٣ کتایی هات.

حیزبی بەعس لە حفتاکانەو بە زبری خون و سرکوت بە برپا کردنی دوو جنگ ( جنگی ئیران – داگیر کردنی کوەت ) وخانکی هەر جارەی دە پانزە ساك تئجیل دکرا! بەام لە کتاییدا لە هکارە یارمتیدرە ناوخیکان (بیجگە لە شکستی سربازی ) بە دستی هەمان ئەو دخە روخا کە خی برهەمی هنابوو.

ئەو دخەی ناسیونالیزمیش خولقاندویەتی ، ستراتیژیکی بریتیە لە تئجیل کردنی کوتن و سرکوتی هەر نوزیکی حقیقی کە باس لە ئلترناتیف بکات، درز تکەوتنی عەلانی قوتبکان لە نەو دسەاتی

سیاسیدا بە تایبەتی لە نەو دوو بانگەوازی جیاوازدا ( قەرزارین ، نا قەرزار نین) گەواهی ئەوەن :-

کە پینە کردنی خەڵکیانەو باوکسالاریانە، زەربەی و فەتە فەتی کادیرەکانی خوارەوە بە جۆنەوەی خیتابەکی قەومی سواو، ناتوانە ئیحساسی " یەکگرتوویی " وەکو بژاردەیەکی جگیر، یان ماوە بەسەرنەچوو نیشان بدات .

بە دنیایی " کوتن " بەر لەوەی کوتن بە لە کورسی ، کوتنەکی هەمزیە لە نەو ئیحتیرامی ەای گشتی و خیالی سیاسی کەمەگەدا ! لە نیو کوتنی حەقیقی سەر کورسی و کوتنی هەمزیی مەسافەیەکی زەمانی هەیە ، بە پە بارودخ و ئەزمون ئەم مەسافەیە درژو کورت دەبەت ، بەڵام ەوخانی هەمزی بە حەتمی روخانی حەقیقیش بە دوای خیدا دەهنە ، تەنیا لە یەك حاڵەت نەبە ، کە موعجیزەیەك رووبدات لە دەرەوەی لەژیکی ماتریالیزمی مەژوو!

**بە پە ی ئەزمونەکانی مەژوو؛**

بە ئەوەی دەرفەتی گەڵانکاری حەقیقی جگیر بکرەت ، دەبە بکەری نوە هەبەت جیاواز بەت لە هەموو هاوبەشەکان و برا بەشەکانی ئەم دونیا سیاسیەی دروست کراوە. ئەم بکەرە بەر لەوەی توانای ئەوەی هەبەت ئەلتەرناتیڤەکی تر بخاتە روو بە دەسەاتی سیاسی ، دەبە لە ەووی سیاسی و مەیدانیەوە" ئەپەزسیۆن" ی بە هەموو رەنگەکانیەوە بنەبە کردبەت! یان بە ئاستەك لاوازیان بکات کە تەسلیمی بکەرە نوەیەکە بن بە تەواوی ، بە خەشی بەت یان بە زەرە ملە بەت!

لەم بینە بە دنیایی پرتەو بەی لیبرالیانەو دیموکراسیانەش هەر دەبەت، بەڵام بە هەر هەزەکی تازە کە بیەوە ببەتە شت ئەبە بەسەر تەرمی سیاسی ئەو ئەپەزسیۆنە بەتاڵە بکەوەت! دواتر شەی سەرەکی لە گەڵە ئەو مەیتەش بکا کە مردنەکەی ١٠ ساە جارەك تەئجیل دەکرەت.

**ەزگار عومەر**

# لە نەوان هەبوون و نەبووندا … نەوزاد بەندی

خەیام ئەڵێ / خەرگەم بەوانەی لە دایک نەبوون /
ئەم دەڵێ شیعرە کە فەیلەسوفێک نوسیوێتی ، ناکرێ بە سادەیی وەریبگرین ..لەدایک بوون واتا سەرگرتن بە مردن ..کارەساتێکە لەرەدایە ..لەماوەی ئەو سەرگرتنەیشدا ببی بە خاوەنی هەر کەس و شتێک ، ئەبێ لە جیهانکی تروە دیسان بچیتە سەروە بە لە دەستدانی ئەو کەس و شتانە .. کەشێکی گوریە ..
بۆیە خەیام لە شوێنکی تردا وتوویەتی :
/ وەها بزانە چی هەیە نیە
چی نیە هەیە ،سەیرە ئەم حاڵە ..! /
بە واتایەکی ووردتر ، هەموو هەبوونێک بەواتای ڕوودانی نەبوونێکە ..لە هەمان کاتدا نەبوونکان بەشگەی هەبوونکانن ..
کۆمەڵک دەبینی ، گەورە بووە ، ژیش و سمڵی داناوە ، ئەم کۆمەڵە تەنیایە ، بەشگەی هەبوونی ژن و چەند منادێکە کە هەشتا دیار نین .. پاش ماوەیەک ئەم کۆمەڵە ژن دەنێ و دوو منادێ لەگەڵیاندا دەژین ، هەبوونی ئەم ژن و دوو منادێ ، بەشگەی نەبوونیانە ، چونکە هێژێک دەت لەیان دادەبڕێت و نامێنن ..ئەمە لە دیدگای ژنکەیشەوە ڕاستە ، کە خاوەنی هاوسەرێک و دوو منادێ ، بە واتای خاوەنیان نیە و سەرەی گرتووە بە وەرگرتنی بەیاری نەمانیان ، لەکاتێکدا پێشتریش کە خەی هاتە دنیاوە دیسان لەسەرەیکی قورستر و درژتردا ڕاوەستا بە وەرگرتنی بەیاری دەرچوون لە دنیا ..منادێکانیش بە هەمان شێوە کە هەریەکەکیان خاوەنی برایەک و دایک و باوکێکن ، لە هەمان کاتدا لە سێ سەرەدا وەستاون بە لە دەستدان و تەسلیمکردنەوەی برایەک و دایکێک و باوکێک ..
هەر لەو لەکدانەوەیەوە ، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ئەڵێت : / خففوا تلحقوا / .. واتا کەم شت لە خۆتان کەبکەنەوە ، پێادەگەن ..
ئاخر عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب لەگەڵ خواناسیەکیدا، فەیلەسوفیش بووە ..
ووتەکەی ئەوە ئەگەیەنێت لە دنیادا شت زەر لەخێت کەمکەرەوە ، چونکە هەر کەس و شتێک لە بەروارێکدا بە خۆتەوە ببەستیتەوە ، ئەبێ لە بەروارێکی تردا ئەو کەس و شتانەت لە دەست بێتەوە و نامێنن ..ئەم پرسەی دەستکەوتن و لە دەستدانە ، لەگەڵ ئەوەی کە ناخۆش و جێی خەم و گریانە ، لە هەمان کاتدا هەکارێکن بۆ ئەوەی لەیادی

بکەیت کە خەیشت لە سەردا وەستاویت بۆ تەسلیمکردنەوەی هەبوونی خۆت ،یان ئاستێر بۆ گۆینەوەی هەبوونی خۆت بۆ نەبوون ..هەروەها ئەو شت و کەسی زەر لەخۆکەکردنەوەیت ئەبێتە هۆکارێک بۆ سەرقاڵبوون بە بوونەوەبردنیان و هەوەدان بە ئازیکردنیان و دوورخستنەوەیان لە ئۆگەرکانی نەبوون و لە دەستدان ، ئەویش وا دەکات هەموو تەمەنت کە بریتیە لە سەرگرتن بە وەرگرتنی یاری نەبوونی خۆت ، لە بەئاگایێدا بەسەر ببەیت ..بەواتای ئەوەی کەیس گەورەکانی بوون و بابەتە گەورەکانی دوای بوون لە یاد بکەی بە هەی کەمێک کەس و شت کە لە خۆت کەکردوونەتەوە و ئەوانیش دیسان سەریان گرتووە بە وەرگرتنی بۆگەنامەی نەبوون ..
هەر بۆیە عەلی ئۆجە بە ئەوەی بگەنە جێ ، شت زەر لە خۆتان کەمەکەنەوە …چونکە ژیان دەریایەکە ، هەتا لاشە و پێوەندییەکانت سوکتر بن ، مەڵەت باشتر بۆ ئەکرێ و خەراتر دەریاکە ئەبێت ..
بۆیام ئۆگەر کەسانێکی زەر و شتێکی زەر لە خۆت کەبکەیتەوە ، نێک هەر بواری مەڵە کردنت نامێنێ ، تەنانەت بواری هەناسەدان و تقوسە گرنگەکانیشت نامێنێ ..خێرکەک هەن بە هەی کەکردنەوەی شتی زەر و خێکی زەر لە خەیان ، بواریان نەماوەتەوە بە کتێب خوێندنەوە ، بە نوێژ ، بە گەشت ، بە ئازادی ، بە خۆو ، بە خەشی ، بە جوانی …
لە کاتێکیشدا کە سەرەی نەبوونەکەی نزیک دەبێتەوە ، کەمێک کارەساتی جەرگبڕ ووو دەدەن ، وەک خاوەندارێتی ئەو هەموو کەس و شتە ، کە خەیان لە بنچینەدا چاوەڕێی نەبوون دەکەن ، ئاخۆ ئەو خاوەندارێتیە بدرێتە کە و چۆن دابەش بکرێ ؟
سەرجەم کەشکانی دنیا لەوەو سەرچاوە دەگرێ خێرکەک یان ووڕاتانێک ئەیانەوێ زەرترین شت و کەس بە خەیان بە بە بە ئەوەی ئاگایان لەوە بە کە هەموو کەڵەکەبوونێک ، بەربەست لەبەردەم خەیاندا دروست دەکات ..بەربەستی مادی و دەروونیی ..
کاتێ بیر لە ٣٥ ساڵ پێش ئێستا دەکەینەوە ، هەست ئەکەین ئەو کاتە زەر بەختەوەر بووین ، هەکارەکەیشی بۆ ئەوە ئۆگەڕێتەوە ئەمێ کەس و شتێکی زەرمان لەخەمان کەکردێتەوە بە جۆرێک بواری هەناسە و جوڵەی لەبەیوین و لە هەموو ئازادی وبیرکردنەوەکان دایانبەیوین ..هەر لە خەزان هەتا کەرستە و ئامرەکان ..هەتا خانوو و بەرژەوەندییە ماییەکان ..کامتان خۆزگە بۆ ئەوە ناخوازن کە کوێکەی جاران بووایە ، بۆ ئەوەی بۆ ئازادی و بەخەم و بۆ ئاوەدانەوە سنوورەکان ببڕێ و دنیا بگۆڕێ ؟؟ بۆ ئەوەی بۆ ئارەزووی خۆی و بۆ پێی حەزەکانی خۆی بژی ؟
هەموتان ئەو خۆزگەیە ئەخوازن ..ئەوانەیشی کە ئەو خۆزگەیە ناخوازن ، ئەوەندە بوون بە ژەر کەس و شت و دەستکەوتەکانیانەوە ،

تەنانەت هەستی خۆزگە خواستنیشیان لە کار کەوتووە و ئیش ناکات .
هەر بۆیە عەلی بە چەند ووشەیەک ئاگادارمان ئەکاتەوە هەتا قۆپاە کەمتر لە دنیا بگرن ، ئازادترن و زووتر ئۆگەن بە خواستەکانتان ..باشتر ئەتوانن بیر بکەنەوە وبزانن ئەوە بۆچی هەن و بۆچی نامێنن و بۆ کوێ ئەڕۆن ..
لێرەدا ووتەیەکی بیریارێکی وەک سەعیدی نەورسی دەنینەوە ، کاتێ لێیان پرسیوە : / بۆچی ژنت نەهێنا ؟ / لە وەڵامدا وتوویەتی: / ژنهێنان سونەتێکە ، ئەگەر جەبەجەم بکردایە ، سێ چوار فەرزم لە دەست دەچوو /
ئەویش بنچینەی کێشە و وەرانکارییەکانی سەر زەوین ، کە بەردەوام لەپەناوی سونەتدا ، فەرزمان لە کیس دەچێ ..یاخود فەرز ئەکەین بە قوربانی سونەت ..
ئەبینن مرۆڤ کە گەورەترین سەرمایەیە لە بووندا ، کراوەتە قوربانی سەرمایە و مەزهەب و ئایدیۆلۆژیاکان ..ئەبینین ئازادی کراوەتە قوربانی موچە و دوو هەدە و هەیوانێک ..ئەبینین غیرەت وپیاوەتی کراوەتە قوربانی پاراستنی کەمێک کەس و شت کە لە خەمان کەکردەتەوە و ..کە وا دەزانین گەورەترین و بەنرختریینن بە ئەمە لە کاتێکدا لە کەمێک چاە و زیندان شتێکی تر نین ، کە هەم ئەوان و هەم خەیشمان دەستخێک کردووە بە جۆرێک نازانین کاممان زیندانەکەین و کاممان پۆلیسەکەین ..
ئەویش وایکردووە سەعیدی نەورسی بە کورت و کرمانجی دەسکەوتە دنیاییەکانی هاوسەر و ماە و منا و کەرستەکان ، بە سونەت دابنێ ..خواناسین و گیان وئازادی و مامۆستایەتی و نوسین بە فەرز دابنێ .. ئامادە نەبە لە پەناوی ئەو سونەتەی کە جۆرێکە لە جۆرەکانی لەقاڵبدان وبچووککردنەوە و خە خافڵکردن ، ئەو هەموو ئازادی و ئەرکە پیرۆز و خۆشیە دەروونی و ئیمانیە لە دەست خۆی بدات ..خۆ ئەگەر زیاتر بچینە ناو باباتەکە و بزانین ئەگەر سەعید خۆزانی دروست کردایە ، ئەوسا ئەبوو لە پەناوی سەلامەتی خۆزانی و منااڵکانیدا ، وازی لە ئازایەتی و داهێنان و حەقبژی بهێنایە ، کە ئەوانە بچووککردنەوەی بیریار سەعیدی نەورسی ئەبوون تا ئاستی کەسێکی وەک سەعە تەنەکەچی یان سەعەلی کوتاڵفرۆش ..پۆلیس ..یان هەر پیشەیەکی تر کە بچووککردنەوە و لەیادچوونەوەی بوون و نەبوونەکەی لەوە سەرچاوە دەگرێ ..
هەر بۆیە هەردوو بیریار ، عەلی وسەعید ، زۆر بە دانایەوە پەناسەی ژیانی ئاستەقینەیان کردووە و ..ئاگایەکیان دیاری کردووە لە نەوان هەبوون و نەبووندا کە مرۆڤ پەیدا بوات ..بە ئەوەی سەر لە خەی ودەور و بەریشی نەشوونەت و..نەبەت بە ژێر کەس و

شتەکانەوە .
هەر لەم گۆشەنیگایەوە زۆرێک لە بیریاران بە تەنیا ژیاون ، یاخود دوای چەند جار ماڵ دروستکردن ، تەنیایییان هەبژاردەتەوە ..تەنانەت نووسەر و بیریارێکی وەک تەستەی کە لە نەبەمان و وەجاخزادەکان بووە ، هەرچی هەبووە لە ماڵ و موڵک وزەوی دابەشیکردووە بەسەر جوتیارانەدا و..خۆیشی وەک جوتیارێک دوا هۆزەکانی تەمەنی لە کۆگەکاندا بەسەر بردووە ..یان لە خۆایی کەسێکی وەک عەلی کەمال لە سلەمانی و عەراقدا ئەو هەموو خانوو ماڵ و موڵکەی خۆی نەداوە بەخۆڕک و پۆژە گشتیەکان ..ئەمانە و زۆر بیریاری تر گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی کە خەیان بار نەکەن ..خەیان نەکەن بە ژێر کەس و شتێکی زۆرەوە کە لە ڕاستیدا ژیان بە شتێکی زۆر کەم بە هەوە دەچێت ، واتا هەوەستەکانیان لە تێگەیشتنێکی ئیشیەوە سەرچاوەی گرتووە ، بە جۆرێک لە پێناسەیەکی کەسانی بیریاردا هاتووە : / کەسانێکن نە (خۆشی) هەیاندەپێنن و نە ناخۆشی ئیانگرێنن / چونکە ئەوان پێشتر ئەو هاوکێشەیان تاوتوو کردووە و ..ئەزانن خۆشیەکان و ناخۆشیەکانیش لە هەبووەکانن و نامێنن ، وەک شافیعی ئەڵێت : / نە خەفەت بەردەوام ئەبێ و نە شادی / بەڵام شتێک کە بەردەوامیی ئەبێت ، ئەو بەواییەیە کە وات لە دەکات دنیابیت لەوەی خۆشی و خەمیش نامێننەوە و لەلات ئەڵێن ..هەر بۆیە با خۆشی هەڵتنەپەڕێنن و ناخۆشیی چەکت نەشکێنێ ..
عەرەب ووتەیەکیان هەیە ئەڵێ : ژیان دوو ڕۆژە ، ڕۆژێکیان لە بەرژەوەندی تۆیە و ئەوەی تریان لە دژی تۆیە ..ئەگەر لە بەرژەوەندی تۆ بێت، لە خێت بایی مەبە و ..ئەگەر لە دژی تۆیش بێ ، خەڵاگر بێ ..چونکە هیچیان تا سەر نین و هەردووکیان ئەچن بۆ گەرووی نەبووندا .
یەکێک لە کارساتە هەرە گەورەکانی جیهانی ئەمڕۆ سەرهەڵدانی کەسانێکی ملیاردێرن ، کەسانێک کە شەست حەفتا ساڵ ئەژین و کەچی داهاتی دەهەزار ساڵیان لە خەیان و بە خەیان کەکردەتەوە ، کە بووەتە هەی برسیکەوتن و هەژاری و قات و قەی لە دنیادا ، چونکە لەم بوونەدا هەموو شتێک بە بەی دیاریکراو دروستکراوە ، کاتێ من شتێک کە پێویستم نیە هەمبێ ، کەسێکی تر شتێک کە پێویستەتی ، نایبێ ..ئەویش وەک ووتم کارساتە گەورەکەیە لە کاتێکدا گەلانێک هەن هەزار ئەوەندەی پێویستی خەیان زیاتریان لە خەیان کەکردەتەوە ، بە ئەوەی گەلانێکی تر زۆر کەمتر لە پێویستی خۆیشیان دەست نەکەوێت و بە کەمی بمرن ..لە کاتێکدا هەردوو گەلەکە کە هەبوویکی ئەم دنیایەن ، سەریان گرتووە بە وەرگرتنی بەوانامەی نەبوون و جەهەشتنی دنیا ..دیوێکی تری کێشەکەیش لەوەدایە ئەو کەس

و کۆمەڵگایانەی کە هەژار کووتوون ، دیسان ناچنە پێناسەکەی عەلیەوە و ..هەتا ئەمرن خۆو بە شتووە ئەبینن ، واتا لە جیاتی ببن بە ژێر کەس و شتووە ، ئەبن بە ژێر خوونی کەس و شتکانووە ، ئووەیش هەر هەمان بێئاگایی و دەستخۆشیی لە دەکووتووە ..
خەیام لە چوارینەیەکی تریدا ، دیسان خراپبەکارهێنانی بووونی خۆی باس دەکات کە دەڵێت :
/ نە کۆنیسە چوون نە مزگووت بینین
لە کام گۆ خوەقام بە خوایە زانین
دین و بەهەشت و دنیام لەدەست چوو
وەک گاوری لات و قەحبەی ناشیرین /
بە واتای مەرج نیە فێلەسوف و بیریار لەو دنیایەدا ڕێگای ڕاستیان دەزیبێتووە ..مەرج نیە ووتاتی داهێنەر و بەرهەمهێنەر ، لەسەر ڕێی ڕاست بڕۆن .. مەرج نیە نووسین و کتێب و داهێنانە ئایدیۆلۆژیەکان نیشانەیان شکاندبێ..
ئووەیش لەکدانووەیەک زیاتر هەڵدەگرێ ، بە واتای ئووەی مرۆڤ وەک تاک و وەک کۆمەڵگا قەت ناگاتە ئووەی بڵێ من حەق وحەقیقەتم .. ڕۆمانووسکی وەک ئێچ جی وێڵز دوای نوسینی نزیکەی ٩٨ ڕۆمانی گەورەی جیهانیی ، دەڵێ : / ئامادەم هەموو ڕۆمانەکانم بسووتێنم چونکە پێش ئووان و دوای ئووانیش زۆم هەر ماوە و بگرە زیاتریش / کەواتە دنیا پێویستی بە دادگایە ..
ئەبێت دەسەڵاتی دادگا لەسەروو هەموو دەسەڵاتکانووە بێت ..چونکە تاکە شوێنکە کە هێزکانی تەدا بە هێڵە دناسرێن و لێپێچینووەیان لە دەکات ..
لووەیش زیاتر پێویستمان بە دادگای ویژدانیشە ..هەریەکەمان ئەبێ دادگایەکی نهێنی خۆی هەبێت و ..بڕدووام دادگایی خۆی و هێڵس و کووت و پرۆژەکانی خۆی بکات ..بە ئووەی نە مافی خۆی بخوات و ببێ بە ژێر کەس و شتکانووە ..نە مافی ئووانی تر بخوات و بیانکات بە ژێر کەس و شتکانی خۆیوە …
دواجار مرۆڤ پێویستی بە دنیا بینیە بە ئووەی بزانێ چی ئەکا و بۆ کوێ ئەچێ ..
دنیا بینییەکی وەک ئووەی نالی کە لە دەڵێکیدا دەڵێ :
/ خاوەنی هەموو دنیایش بیت ،هێشتا زەلیل و داماوی /
ئەزانی بۆ ؟
چونکە تۆ هەبوویەکی بە نەبوون لەسەرەدا ڕاوەستاویت .

**-نەوزاد بەندی-**
٢٥/٥/٢٠٢٠

# کتێبێک لە بارەی کارو بارهەمەکانی نووسەری ناوداری میسری نەجیب مەحفوز چاپ کرا

کتێبی " نەجیب مەحفوز، نووسەرێک لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا" چاپ کرا. ئەم کتێبە لە نووسینی نووسەر و وەرگێر " ئەردەڵان عەبدوڵا" یە، لە لایەن ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپکراوە.
لەم کتێبەدا نووسەر باسی ژیان و شێوازی نووسین و فکری نەجیب مەحفوز کردووە. هەروەها کاریگەریەکانی " دایکی، قاهیرە، میسر، فکری چەپ، ئیخوان موسلمین، حزبی وەفد، رژێمی پاشایەتی و سەربازی" بەسەریەوە خستەتە ڕوو. جگە لەوەش خوێندنەوەو رانان بۆ 12 رۆمانی نەجیب مەحفوز کردووە لە ناویشیاندا رۆمانە ناودارەکانی " اولاد حارتنا، سکرية ، بين القصرين، قصر الشوق" .

نەجیب مەحفوز لە ساڵی 1911 لە قاهیرە لەدایک بووەو لە ساڵی 2006 کۆچی دوایی کردووە. ئەو یەکەمین نووسەری عەرەب و رۆژهەڵاتی بوو کە ساڵی 1988 خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب وەرگرت. ئەم نووسەرە لە چاو نووسەرانی تری عەرەب و ناوچەکە، تەواو جیاوازە. بە زمانێکی زۆر سادە، وەسفی کەسایەتی رۆژهەڵاتی بەتایبەتی خەڵکی میسر، بە ژن و پیاوەوە دەکات.

لە هەمانکاتیشدا نەجیب مەحفوز بەو ناسراوە کە نووسەرێکی پێشکەوتنخوازەو دژی فکری ئیسلامی تووندەوە، هەربۆیە ساڵی 1995 لەلایەن گروپێکی ئیسلامی تووندەوەوە، هەوڵی کوشتنی درا، بەڵام خۆشبەختانە توانی رزگاری بێت.
جگەی ئاماژەی ئەم کتێبە بیستەمین کتێبی ئەردەڵان عەبدوڵایە.

# تەنیایم دەستەمۆ نابێ …

دەترسم بێدار ببمەوە و..
چیتر کەس پێم نەڵێ سڵاو.
دەترسم دەستکانی نەو خەونەکانم
لێم هەڵبڕن،
دەترسم ئەو شاژنەی لەدوای چەندین شەونخونی،
کەشکی لویسی چواردەم بێ داگیر کرد،
ئاوێتەی خەیاڵەکانی من نەبووبێت،
دەترسم بێداربمەوە
چیتر کەس حەوسەڵەی بنینەوەم نەکات.

نا نا من نامەوێ بێئاگا بمەوە،
دەمەوێ بێ هەمیشە لەسەر سەرینەکەمەوە
ئەواران بچمە پیاسەی پیترهۆف و بێ پەکی مەی بچمە مەیخانەکانی
ڤیەنا،
شەوان لەگەڵ سزانییەکانی مەکسیک
شەو بەسەربەم و بێ ڕاوێژ بچمە خزمەتی هەزارەکانی سەماڕ و
ئەفریقا،
زەر دەترسم بێداربمەوە و کەسێک نەبێ
دەمی پێ بدەڵێنم.
دەترسم بێدار بمەوە…
دووبارە ببمەوە هاودەمی وەحشە ترسناکەکەی
تەنیایی…
ئاخر من ناتوانم کەسم خۆش بوێت
من وەکو ئەو نووسەرە مۆنەرمانێ نیم
بایگرافیای خەم بنووسمەوە و خودی خەم بکەمە کارەکتەرێکی دووفاقی
ناو تێکستەکان،
لەگەڵ تەماشاکردنی هەر خانمێکدا
داوای خۆشویستی لەو ئافرەتە بکەم
کە کەلەجوانیدا دەچنەوە سەر پیری و لەدڕوشاوییدا لەقینەس دەچن

ئەڕە من پیاوێکم تەنهایم لە تەنهایی کەس ناچیت،
تەنهایم بارێکی گرانە بەسەر ڕوحمەوە
ژیانی تەنگ کردووم
بەڵام نامەوێ بێ تەسقاڵێک
خۆشویستی دەروزە بکەم،

نامۆ وەکوو خوێنەوار بەرجوازیکان تکا بکەم کەسێک خۆشویستیم قبوڵ بکات،
لە خیاڵکانی منداڵ خۆشویستی قبوڵ ناکرێت، بەڵکو کارساتێکە ڕووئەدات،
خۆشویستی وەکوو مردن
وایە یەتەپیایەکی ئەزەلی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە،
هەندێک جار ژیانی دوو مرۆڤ دەکاتە بەهەشت
زەرجاریش ئاگری دۆزەخیان بۆ دادەگیرسێنی، من نامۆ تەکنیکی یەتەپیا بم،
من تەنهایم لە ئەزەڵەوە نامۆیە بە کەمەڵگە،
تەنهایی من
بۆ هیچ کەسێک دەستەمۆ نابێت..

هەندێک جار تەنهایی زەر بە بەزەییەر
شێوان بەدەم هەڵدانەوەی
پەڕەکانی ئەفسانەکانی یۆنانەوە
چێژ لەسەکسی نەوان ئەدیب و دایکی وەردەگری
کاتێک لە پترۆسبۆرگدا
ڕاسکۆلینکۆفی کارەکتەری
ڕۆمانەکەی دەستەقیسکی
بەتەورێک کەڵەسەری پیرۆژنێک شەق دەکات
زەر بە دەربەستانە دەخشی بەکوشتنی قاڵەنچەیەکی سوخەرر کاتێک
کۆژڕاوەیەکی چکۆڵە
لەباوەشی خەلیفە هاروونە ڕەشید دەبینی
بە بەزیانە دەسپێڕە لە ئەدەبیت..

کاتێک تەنهاییت…
خەم لەهیچ شتێک ناخەیت
هیچ کەسێکی یەکسان خوازت خۆشناوێت
تەنانەت کارڵ مارکسیشت خۆش ناوێت
کە دەیبینی و ناتوانی لەهیچ یەتەپیایەکی سۆسیالیستی تەنهایت بەسەر
کەسانی تردا بڕۆش بکات
تەنهایی ئازارێکە هیچ پێنوسێک گوزارشتی لە ناکات
هیچ دەقێکی ئەدەبی
لەگەڵ ژیانی ئاشتی ناکاتەوە.

**ئاراس سەعید**

# شەشی برسیەکان بەرەوەیە! … عەبدوڵا ساڵح

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی لە ڕاستای ئاوگۆڕدایە لە هەموو بوارەکان ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی و سیاسی ، ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە قسەی من نیە ، بەڵکو قسەی هەموو ئەوانەیە سەرەداوێك لە سیاسەت دەزانن .
چەرخی دنیای سەرمایەداری، ئەگەر تەنیا بۆ دەرفەتێکی کاتیش بۆ وەستا ، ئەم وەستانە، بەر لە هەر پێکهاتەیەك ، کرێکاران و زەحمەتکێشان وخەڵکی بەزۆر هەژارکراو وخانەوادەکانیان باجەکەیان دا و لەسەری ئەواندا شکایەوە و بەردەوامیش دەشکێتەوە ، ئەم هەلو مەرجە تازەیە، دەرئەنجامی پەیدا بوونی دوژمنێکی کوشندەبوو بەناوی کۆرۆنا ، دەردێکی ئیقلیمگیر کە هیچ بەربەستێك خۆی لەبەردەمیا ڕانەگرت ، گۆی زەوی بەگشتی داپۆشی بەبێ جیاوازی نێوان (( شاوگەدا )).
کوردستانی ئێمەش وەك بەشێکی بچوك لەم کۆمەڵگای ئینسانیە، پشکی خۆی لەم دەرد و بەڵایە بەر کەوت ، نرخی نەوت شکا، ئاشتی هەورامیەکان بە جانتای بەتاڵ هاتنەوە ماڵ و پەیامیان ڕاگەیاند کە کەوتوینە سەر ساجی عەلی و ئاو بێنەو دەست بشۆ . ئەو خەزێنەی کە نزیك بە سی ساڵە بەتاڵان دەبرێ، مایە پوت بوو، بەئاشکرا بەدەمی سەرۆك حکومەتەوە دانی پێدانرا.
کاتێك گیرفان ئاوا بەتاڵ بێ و خەڵك ئاوا برسی ئیتر حوکم ڕانی زۆر ئەستەمە، هەر بۆیە کۆمەڵێك بژاردە هاتنە بەردەم حکومەت ، یەکەمیان گەڵانەوە بۆ بەغدا، بەڵام چ بەغدایەك، لە کوردستان موفلیس تر، جیا لەوەی بەدەست چەندین کێشەی ئاڵۆزەوە تلاو تلیەتی ! دووەمیان گرتنی بەرێکی سەرمایەدارە زەبەلاحەکان و ملیاردێرەکان کە لەو بیستو نۆ ساڵەی ڕابردودا، لەژێر سایەی گەورە بەرپرساندا ، قوتی خەڵکیان حەپەلوش کردوو وگیرفانی خۆیان لێپڕکرد ، بەڵام هەڵدانەوەی بەناو کۆنەقەرزیش، بۆ درۆژ ماوە، دادی نەدان ، خۆ ئەوانە دەوڵەتیش نین تاکو پەنا بۆ قەرزی سازمانە جیهانیەکان بەرن وەك بژاردەی سێیەم، جیا لەوەش ئاشکرا کردنی قەرزی 27 ملیار دۆلاری ئەو ئیعتیبارە کەمەی هەشیان بوو نەما ، شك لەوەشدا نیە کە دەست

بۆ سەرمایە دزراوەکان نابەن وەك بژاردەی چوارەم تاکو خەڵکی پێ بدەنگ بکەن و دەسەڵاتەکەیان بپارێزن. بژاردەکان یەك لە یەك تاڵترن بۆ دەسەڵات !
لەناو ئەو تەنگژەیەدا ولەم بارودۆخەدا، جەماوەری کوردستان بژیوی ژیانیان دەوێ کە ئەویش ئەرکی دەسەڵاتە، تاکە ڕێگایەکی بەردەمیشیان بەناچاری، گرتنی بەرکی هەر ئەودەسەڵاتەیە ، ئەگەر جاران ، بۆ گەنجەکان ڕێگایەکی دەربازبوون مابوو تاکو ژیانیان بخەنە مەترسیەوە وبەرەو هەندەران لەم نەهامەتیە ڕاکەن ، ئێستا ئەو هەندەرانەش ئەو بەهەشتە نەماوە کە پەنای بۆ ببرێ ، تەنانەت ئەوانەی گەیشتونەتە هەندەرانیش و ژیان و گوزەرانکیان بۆخۆیان وخانەوادەکانیان دابین کردوە، ئێستا توانای ئاودانەوەیان لە کەس و کار وخزم ودۆستانیان لە کوردستان نەماوە و بەجۆرێك لە جۆرەکان ژیان وگوزەرانیان گۆڕاوە، خەڵکی بەناچاری دەبێ لەو پارچە زەمینەدا ئۆقرە بگرن کە ناوی کوردستانە و ناکرێ بیر لە ڕێگا چارەی دەربازبونی تاك وجوت بکەنەوە .
حزبە کانی دەسەڵاتیش کە دەوڵەتەکەیان مایە پوت بووە بەڵام نایانەوێ هەروا بەئاسانی ئاڵای سپی هەڵکەن وبە فیزمانکێك بۆی دەرچن و خەونی بە ئیمبراتۆریەت کردنی کوردستانیان لێ بەتاڵ بێتەوە، بۆیە ناچارن دەزگا سەرکوتگەرەکانیان وەکارخەن ودەست بۆ ئەوپەڕی توندوتیژی بەرن تا بتوانن پایە لەرزەکەکانی دەوڵەتەکەیان ڕاگرن .
مژوو سەلماندۆیەتی هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ بەردەوام بێ لەکاتێکدا بەدەستێك خەڵك برسی بکاو بەدەستەکەی تر سەرکوتیان بکا ، ئەم هاوکێشەیە بەناچاری دەبێ یەکلابێتەوە بەتێشکانی لایەك وسەرکەوتنی لاکەی تر ، شانسی یەکلابونەوەی بەقازانجی خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش و بەزۆر برسیکراو زۆر زیاترە تاکو شانسی دەسەڵاتداران ، هێکارەکانیش ڕوونن .
لەشکری برسیەکان تا دێت ڕوو لە هەڵکشان وزیاد بوونە، شەپۆلەکە تا دێت فراوانتر ودرێژتر دەبێتەوە ، تەنانەت ئەو توێژە کەمەڵایەتیە ناوەنجیەی کە ژیانێکی باشتری لەچاو زۆرینەی کەمەگا بەنسیب بوو بوو، ئێستا ئەویش بە جۆە جۆ وبەناچاری بەرەو لەشکری برسیەکان هەنگاو دەنێ دەبێتە بەشێك لەوان.
ئاسۆی چارەسەری ئەم بارودۆخە بە قازانجی حزبەکانی دەسەڵات وەك ئەو تێگوشینە وایە کەدەڵێن بەتەمای دراوسێ هەر ووشکە . بۆیە تاکە ئاسۆیەك کەلەبەردەمدا بێ شێشی برسیەکانە.
ئەم شێشەش، هەروا ئاسان وسادە و بێگرفت نیە، ئەگەرچی هێکارە بابەتیەکانی هەڵگیرسانی هەموی ئامادەیە ، بەڵام لەباربردنیشی

بژاردەیەکە دەبێ لەبەرچاوبگیرێ ، ئەم سیستمە سەرمایەداریە، بەم فۆرم وقۆرژنەی ئیستایەوە کە نزیك بە 30 ساڵ دەبێ خۆی ڕاگرتوە بە فریوکاری وخڵکردنە چاوی خەڵك و بەدروشمی ( بەرژەوەندی خاك و نەتەوە ) ، ( ئایین و گوڵایەڵی فەرمایشتە ئاسمانیەکان ) لەپاڵ ئەوانەشدا کوتەك و سەرکوت و تیرۆر وتۆقاندن، ئەمڕۆ ئیتر ئەو دەستەی کەشف بووەو ئەم ئامرازانەی سواون ولەبازاڕی جەماوەردا قاڵبکی قەڵب ناکەن . هەر بۆیە چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران هەوڵ دەدەن بە مودێل وقۆرژنکی نوێ وە فریای دامانی ئەو سیستمە بکەون و لە بەرگ وڕوخسارێکی تردا نمایشی بکەنەوە و ئەم شێوشە هەر لەسەرەتاوە لەبار بەرن، وەك ئەوەی گوڵان وئیسلامیەکان و بەشکی بەناو ڕۆشنبیران لە ڕاپەڕینی 17 ی شوباتی 2011 دا کردیان .
هەوڵەکانی ئێستای ( شاسوار عەبدولواحید ) وحیزبەکەی ( نەوەی نوێ ) یەکێکە لەو پلانە مەترسیدارانە کە بەناوی نوێکردنەوە و گەشەی ئابوری کوردستان هاتۆتە مەیدان وشیعاری بەرز کردۆتەوە کە لە ڕاستیدا و لەناوەڕۆکدا دەیەوێ مودێلێکی هاوتر لەوەی حزبەدەسەڵاتدارەکانی ئێستا بێنێتە کایەوە ، کۆتومت مودێلی نیولیبرالیزم.
ئا لەم بارودۆخەدایە شێوشی برسیەکان بەڕووەیە ، ڕەبازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن و دەرباز بوون لەم نەهامەتیە یەکێزی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانە و جیاکردنەوەی ئیزی سەربەخۆی خۆیانە لەو چین وتوێژانەی مەبەستیانە شێوشەکەیان لەباربەرن،ێ بەشداربوان و هەسوڕێنەرانی ئەم شێوشە گرنگە بەعەزم وئیرادەیەکی شێوشگێرانە بێنە مەیدان و لەڕگای کۆبونەوەی گشتی وهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی شورا شێوشگێرەکانیان لە شوێنی ژیان و کار ، ئیدارەو و فەرمانگاکان قوتابخانەکان و... نوێنەرانی باوەڕ پێکراو جۆ متمانەی خۆیان هەڵبژێرن ودەسەڵات بگرنە دەست و حوکومڕانی کۆمەڵگا بکەن، لەو ڕاستایەشدا هەنگاو بنێن بۆ بنیات نانی کۆمەڵگایەك کە ئازادی ویەکسانی بۆ هەموان بەبۆ جیاوزی تێدا فەراهەم کرابۆ و ژیانی ئێستاو نەوەکانی دواڕۆژیشی تێدا مسۆگەر کرابۆ .

2020 / 5 / 26

# زانست لەنێو کۆمەڵگایەکی سیاسی دا!... هەرێم عومەر کاکل

هەنگە بەهۆی گیرۆدەبوونی ئەو قەیران و کێشانەی ڕووی لە کۆمەڵگای کوردی کردووە هەموومانی بەبواری سیاسی سەرقاڵ کردووە بۆ زانینی هەواڵی چارەسەرێکی سەرەتایش بێت بۆ ئەوەی کەمێك لە دۆخاوکێ ی دەروونی ڕزگارمان بێت , لەگەڵ ئەوەشدا میدیای کوردی ڕێگەکی ناتەندروست دەبینێت لەم بارودۆخەدا کە زۆربەی کارەکانی پیشەگەری بواری میدیایی تەرخانکردووە بۆ سیاسەت و بۆئەوەی تۆزقاڵێك ڕێگە ببینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم لەنێو کۆمەڵگادا .

لەئێستاکەدا بەدەگمەن ڕێگەدەکەوێت ئەگەر لەیەکێك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نوسراو بەمانشێتێك یاخود بە ستونێکی هەواڵ بابەتێك یاخود ووتارێکی زانستی بۆاو بکرێتەوە یاخود لەهەرکەناڵێکی بینراودا باس لەبوارێکی زانستی بکرێت ئەوەی بوونیشی هەیە و بۆاوەکرێتەوە لەپەنجەی دەست زیاتر نابێت و هەندێکیشیان بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان هەواڵێکی زانستی لەچوارچێوی فلتەرێکی سیاسی دا تێدەپەڕێنێت و بۆاوەکرێتەوە بۆئەوەی سود بگەیەنێت بەتاکی نێو کۆمەڵگای کوردی .

لەلایەکی تریشەوە ئەو نوسەر و ڕۆژنامەنوسانەی کە ماوەیەك لەبواری زانستی کاریان دەکرد و بەدوای بۆاو کردنەوەی ووتار و بابەتی زانستیەوە سەرقاڵ بوون لەئێستاکەدا بواڕە زانستیەکەیان گۆڕیوە بەئاراستەی سەردەمی سیاسی ئەوانیش وەڵێن بەدوای هەواڵە سیاسیەکان و ئەمەش بۆ سیاسەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ( بیسترا و بینراو نوسراو ) دەگەڕێتەوە کە هەموویان هەوڵی بەسیاسی بوونی ڕاگەیاندن دەدەن لەبەر هۆکاری پۆ فرۆشترین و پۆ بینەر ترین و یاخود هۆکاری پاڵپشتی لایەنێکی سیاسی لەو میدیایەی بوونی هەیە بۆ بۆاوکردنەوەی .

دەرەنجامی ئەم بینینەی میدیاو ڕاگەیاندنی کوردی لەبواری سیاسی کاریگەری دەبێت لەسەر دروست بوونی عەقڵیکی سیاسی و تاکێکی سیاسەتمەداری هەها لەنێو کۆمەڵگا دوور لەبوونی بەهایەکی زانستی و بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی زانستیانە , کەرەِنگە تاچەند ساڵێکی تر کۆمەڵگایەکی ( ملیۆنان چاودێری سیاسی ) بەرهەم بێت و ببینە مەملەکەتێکی سیاسی دوور لە زانیاری و زانست ئیتر کۆمەڵگایەکی دابڕاو لەنێو جیهاندا دروست دەبێت و دامانمان

نزیکتر دەبێت بۆ لێواری وێران بوونمان, چونکە کایەی بەرەو پێش چوونی هەرکەمەگایەك بەندە بە بیرکردنەوەی تاکی کەمەگاو ژیریەوە لەنێو عەقڵکی زانستیدا نەوەك عەقڵکی چەقبەستووی سیاسی کە لەئێستاکەدا پەیڕەودەکرێت لە کوردستاندا !!!!

---

# هیواکانیان لە دەستداو نەبوون بە سەرێك کێمار … ئەحمەد رەجەب

**تا بنەماڵەو خێو بمێنێت هەژارو چەوساوەکان ئاسوودەیی نابینن**

لە سەردەمی پیلان و کودەتا سەربازییەکانی ناوچەکانی عەرەب ژمارەیەك خاوەن دەموچاوی دڵزو بڕح و ناشیرین لە خەڵکی مەدەنی و سەربازی پەیوەست بە بیری خێڵەکی دواکەوتوو کە ئاررەزوو لە ستەم و دەستبەسەرگرتنی دەسەڵات و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دزیی و دابەشکردنی پلەو پایەو بەرپرسیارێتییە باڵاکان بە سەر کورو براوو خزم و دەستوپەیوەندییەکانیان ئەکەن و بۆ جگرەوەی خێیان هەوڵ ئەدەن کورەکانیان رابێنن و ئامادەیان بکەن دەسەڵات بگرنەدەست ولەلای ئەوان میرات لە ژیانی گەلان و وڵاتان گرنگترەو بیریان لەوە نەکردووەتەوە رۆژێك دێت کورسی دەسەڵات وبیری بگەنی میرات لە ناو ئەچێت و هەموو شتێك ئەبێتە موڵکی گەلا ن و پر بە گەروو هاواری ئازادی و دیموکراسییەت ئەکەن روحییەتی خێڵکی رەتئەکەنەوەو بۆ بنیاتنانی کەمەگایەکی مرۆڤدۆستی بەرەو پەرەسەندنی ئابووری و کەمەایەتی.

ژیان لە بیابان و دورگەی عەرەبی دژوار بوو، بەدووەکانی لێبوو، ئەوان بەشێکی گەورەن وبڵاوبوونەتەوە بە تایبەت لە باکوری دوورگەی عەرەبی و، ژینکەی بیابان ژیانی کەمەایەتی بۆ رەخساندون و، هەر هەموویان لە ژێر هەژموونی خێڵن وتەنها بنەماڵەو خێو ئەناسن وکەمەگاکەیان، کەمەگای خێو و خێوەتە و، بەدووکان خەڵکی بیابانن و شوانی عەرەبی گەرێکن و لە خێوەت ولە سەر بەخیوکردنی حوشترو مێگەل و وڵاغ ئەژین و، بە دوای ئاوو لەوەر ئەگەڕێن و جێ بە خێیان ناگرن و، خێل کەمەڵك خەڵکن سەر بە یەك بنەچەن و ، خێو لە هەموو جیهان هەیەو هەندێکیان لەناو چوون و بەشێکیان چوونەتە

ناو کۆمەڵگەی شارستانی و، بە زۆریی لە دوورگەی عەرەب و بیابانی سووری و ڕۆژئاوای عێراق وئەردەن و فەلەستین و بیابانەکانی باکووری ئەفریقیا ئەبینرێن.
خێڵ لە کۆمەڵکی گەورەی بنەماڵە پێکدێت و خزمایەتی بەیەکیانەوە ئەبەستێت و زوربەیان سەر بە یەك باپیرەن و، هەوڵئەدەن کورو نەوەکانیان ببنە خاوەن بەرژەوەندی بەبێ ئەوەی گڕی بدەن بەو مرۆڤەی کە بارودۆخکی گونجاوی بۆ ژیانکی کامەرانی ئامادە کردو، خێڵ هەوڵئەدات هەرچی کاروبارە بدات بە کەسانی خۆیان و، هەلیان بۆ بدۆزێتەو تەنانەت نەزان و بێ ئەزمونیش بن و، بەوەش ڕێی خەکانی تر پشێل ئەکەن بۆ ئەوەی ببنە پاشکۆی ئەوان.
خێڵ و بنەماڵە جاروبار پەنا ئەبەنە بەر بەکارهێنانی دژەقی لە گەڵ خەڵك { گەل} بە گشتی و لە گەڵ دژمنان بە تایبەتی و، ئەگەر سامان وهێزی گەورەی هەبێت روو لە بەکارهێنانی توندوتیژی ودژەقی ئەکات و لە کۆتاییدا براوە ئەبێت و، دەسەڵاتکی زاڵمانە پێك ئەهێنێت و هەمیشە سێ لە گەل ناکات و، هەردەم ئامادەیە زوربەی گەل لەناو ببات بۆ مانەوەی لە سەر دەسەڵات و، باشترین نموونە لە عێراق و میسرو لیبیاو یەمەن ڕوویداو، لەمڕۆدا لە سوریاداو، لە هەمووی سەیرتر خێڵە بەتواناکان حزب دائەمەزرێنن و روو لە ژیانی سیاسی ئەکەن و.
گۆڕکی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی حکومەت ئەکەنو، ولاق و گەزاف لێئەدەن گوایە حزبەکانیان دیموکراتییە و، لەم ڕۆژەوەدا خێڵی واهەیە سەرکەوتنی بەدیهێناوەو حکومەتی پێکهێناوەو دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیان گرتووە.
خێڵەکان و حزبەکانی خێڵەکی کاتێك حکومەت پێکئەهێنن بە دەستکی ئاسنین جومگەکانی دەوڵەت ئەخەنە ژێر رکێفی خۆیان و، زۆر جار ئەو دەوڵەتە زاڵمان ئەبێت چونکە بە دەست تاکە کەسکە یان گروپێك لە خەکی خوا پێداو ( نوخبە Elite ) و ، ئەوانەی ماونەتەوە ( کورانی گەل) کێڵەن وئەبێت فەرمانەکانی خێڵەکە بەبێ بیرکردنەوە جێبەجی بکەن و، لە هەمووی خراپتر بنەماڵە یان خێڵی حوکم بەدەست ڕوو ئەکەنە میراتی سیاسی واتە لە پاش باوك کورەکەی یان کورزاکەی و کورە مام و خزمەکان جێ ئەگرنەوە.
وراسەت (Genetics ) لە دژەرزەمان ڕەواڵەتکی وابەستەیە بە خەلیفەکان و پاشاکان و پیاوە گەورەکان ودوقەکان و شاهانشا و ، کاتێك شایەك ( مەلێك) ئەروات و شازادە جێی ئەگرێتەوە و ئەبێتە شا و، لە جیهانی عەرەبیدا شۆرشەکان و کودەتای سەربازی و پیلانەکان شاکانیان ڕاماڵی و کۆمارەکان سەریان هەڵدا وەك لە میسرو عێراق و لیبیاو یەمەن و شوێنی تر ڕوویاندا ، لە میسر محەمەد نەجیب سەرکی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش هات و، لابراو خرایە ژێر چاودیری و، جەمال عەبدولناسر هات و، لە پاش ئەو ئەنوەر ئەلسادات بۆ بە سەرۆك و لە پاش کوشتنی لە کاتی ئامادەبوونی نمایشێکی سەربازی بە بۆنەی جەنگی ئوکتۆبەرەوە ، محەمەد حوسنی موبارەك بۆ بە سەرۆك کۆمار ( 14 ئوکتۆبەری 1981 ـــ 11 ی فیبریوەری 2011 و، 30 ساڵ حوکم) و، لە عێراق عەبدولکەریم قاسم هات و پاشان حکومەتی بەعسییەکان لە پاش پیلانە شومە رەشەکەی 8 ی شوبات ـــ فیبریوەری 1963 عەبدولسەلام عارف و عەبدولرەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حسەین ) 1979 ـــ 2003 ـــ 24 ساڵ ) و لە لیبیا موعەمەر ئەلقەزافی ( 1969 ـــ 2011 ـــ 42 ساڵ) و لە یەمەن عەبدوڵلا سەلال 1962 ، عەبدولرەحمان یەحیا ئەلئەریانی ، ئیبراهیم محەمەد ئەلحەمدی و، ئەحمەد حسەین ئەلغشمی وە کۆتایدا عەلی عەبدوڵلا ساڵح ( 1978 ـــ 2012 ، 34 ساڵ).

لە سوریا حافز ئەلئەسەد بۆ بە سەرۆك کۆمار ( 1970 ـــ 2000 ، 30 ساڵ) و، لە پاش حافز لە شانوگەرییەك و گاڵتەجارییەك دەستووریان گۆری و تەمەنی سەرۆك کۆمار لە 40 ساڵ کرا بە 34 ساڵ بۆ ئەوەی لە گەڵ تەمەنی بەشار ئەلئەسەد بگونجێت و بوو بە سەرۆك کۆمار لە ( 2000 تا ئێستا ـ 20) ساڵ.

سرکە عەرەبەکان بە پێی بۆ مۆشکیان لەو باوەڕەدان مانەوەیان پێویستە و، خاوەنی ئەزمونی حوکم بەڕوەبردنن و لە بەر ئەوەش کۆدەتایان کردووە یان خوا هەیانبژاردووە ببنە حاکم و، مانەوە لە سەر دەسەاتی حوکم ئامانجی بەرزو گرنگیانە و، لە پێناو ئەم ئامانجە قیزوەنە توندوتیژی و داپڵۆسین وسیاسەتی داری ئەستور ( کوتەك) یان دژ بە جەماوەرو گەل بەکارهێناوەو، کەوتنە راونانی نیشتمانپەروەران و پێشکەوتنخوازان ، ئەوانەی داوای دیموکراتییەت و ئازادی ئەکەن و، گرتن و زیندانیکردنیان لە زیندانی ترسناك و هەسان بە شێوەیەکی فاشیستیانە بە ئەشکەنجەدانیان بە مەبەستی شکاندنی شکۆو تواناو ئیرادەیان ومل شۆرکردن بۆ داخوازییەکانیان وپاشان کوشتنیان بە شێوازێکی نەفرەتلێکراوو بەبێ دادگایکردن و، سەرەرای ئەو هەموو کردەوەو نەهامەتیانە بە ئاشکەرا نان و قووتی گەل ئەدزن و باجدان بەسەریان فەرز ئەکەن و، ئارەزووی گرنگیان ئەوەیە نژادێکی نوێ و بنەماڵەیەکی نوێ پێکبێنن و، بە گوێرەی بیرکردنەوەی خێڵەکی و مۆرکی لە سەر رژێمەکانیان کە بە کۆدەتای سەربازی هاتوون و چێنییەتی کارکردنیان رووە لە میراتی سیاسی ئەکەن و هەك مەرجێکی سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی رژێمە دوور لە دیموکراتییەکەیان و هەرچی پەیوەندارە بە خێڵەوە بەرەو هەمان میراتی سیاسی ئەروات.

چیرۆکی وەراسەت ( میرات) و هەمیشەیی لەلای گەلی عەرەب و ئەو گەلانەی لە نزیکیانەوە ژیاون هەر لە کاتی جاهلییەت و هاتنی خەلیفەکان و دروستبوونی خۆ و بنەماڵە لەلایان چەسپیوەو ئەم جیروکە رەگی قووڵی لە ناخیان داکوتاوەو خەسڵەتێکە لایان تا ئەمڕۆ ماوەتەوەو، زوربەیان بە دوای کورسی دەسەڵات رائەکەن و، هەندی لە عەربەکان لە پێناو کورسی حوکم ( تاج و تەخت) عەقڵ و کەرامەتیان لە دەستداوەو، بو نموونە شیخ حەمەد کوری خەلیفە ئال سانی ئەمیری قەتەر بابی شیخ خەلیفە لە سەر کورسی دسەڵات لابردو ناچاریکرد لە ساڵی 1995 بەناوی پیشوو وەلات بەجێبهێڵێت بەرەو ئەوروپا.

سەرۆکی سوریا حافز ئەسد پێش مردنی توانی کۆمەکەی وەراسەت داکوتێت و دەسەڵاتی حوکم بدات بە دەست بەشار ئەسەدی کوری و، ئەوەش بە بێشك مانای ئەوەیە زوڵم و زۆریی رەگی بەهێزی لە ناو کەسایەتی تاك هەیە لە خێشەویستی خودو خۆزان و درۆژەدان بە حوکم دژ بە ئارەزوو خواستی جەماوەری گەل و بەکارهێنانی سیاسەتی ئازاردان و لەناوبردن وتیرۆرکردنی ئەوانەی داوای ئازادی و دیموکراسی ئەکەن و، زوڵم وستەم هەموو سنورێکی بری و کەوتنە گاڵتە پێکردنی گەلانی ژێردەستەیان و، وراسەتی سیاسی کورو کورەزاو نەوەکان بە بێ رای گەل ئەگرێتەوە و، حوکمی بەعسی عەرەبی لە سوریا وەك حوکمی بەعس لە عێراقدا، حوکمی تاکرەویی بوو ( خواستی) گەلی بەدینەهێناو، لە گەڵ پێداویستییەکانیان جێشیان نەخواردووەو، لە سەر بیدەنگیکردنی دەنگەکانی ترو قەدەغەکردنی ئۆپۆزسیۆن و تەزویرکردنی هەڵبژاردنەکان و سنوردارکردنی راگەیاند رەفتاریان کردووەو ، بۆ ئەوەی رژێمی کۆماری سەرکوتکەر ببێتە مۆکی تەواوی بنەماڵەی خاوەن دەسەڵات و یاوەرەکانی و، بۆ ئەوەی داپڵۆسین و گەندەڵی و خزمخزمێنە پەرەبسێنێت.
دیکتاتۆر سەدام حسەین بایەخی زۆری بە هەردوو کورە شەرئەنگێزەکەی عودەی وقوسەی لە پێناو ئامادەکردنیان پلەو پایەی باڵا وهەستیاری دەوڵەت بگرنەدەست و، یەکەمیان هەرچەندە ئیفلیج بوو فەرماندەی فدائی ( خۆبەختکران) ی سەدام بوو، هەروا بەرپرسی ئەم کارانەش بوو: راگەیاندن و ڕۆشنبیری و وەرزش و، دووەمیان ( قوسەی) جێی دەستخۆشی وستایشی باوکە دیکتاتۆرەکەی و تاقمی درۆو دەلەسەو زۆرناژەنەکان بەناوی سەرکردایەتی عێراق بوو !!، قوسەی بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی لە گۆرنراوو یاریدەری فەرماندەی گشتی سەربازی و، سەرپرشتیاری هێزەکانی گاردی کۆماری ( الحرس الجمهوری) و، سەدام حسەین زۆر بایەخی بە قوسەی داو، بە هەموو ڕێگاو شێوەو شێوازێك هەوڵیدا جومگە هەستیارو باڵاکانی عێراق

بگرێتەدەست و، لە کوتاییدا ببێتە خەلیفەی خودی خۆی وەك سەرۆك کۆمارو وەك داب و نەریتی هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکان.
بۆ کۆپیکردنی رۆکاری بەعسییەکان لە میراتی سیاسی و، لە سەر هەنگاوەکانی حافز ئەسەدو سەدام حسەین ئەم سەرکانە : حوسنی موبارەك ، موعەمەر ئەلقەزافی و عەلی عەبدوڵلا ساڵح کەوتنە بایەخدان بە کورەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببن بە سەرۆك کۆمار لە سەر ڕۆوشوێن و تەرزی بەشار ئەسەدو جێی باوکیان بگرنەوەو ئەوان( سەرکەکان) بە هۆی مانەوەیان لە سەر کورسی دەسەڵات هێلاك بوون و "" خزمەتکی"" زۆریان پێشکەش بە خەڵك کرد ( ڕاونان و تەهەدان وگرتن وکوشتن ) و، شایانی باسە هەر سەرۆك کۆمارێك حزبێکی سیاسی هەبوو و، حوسنی موبارك خاوەنی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بوو بایەخیدا بە کورە بچکۆلەکەی جەمال الدین محەمەد حوسنی سەید موبارك و، زۆر بە هێز هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت وەك خەلیفەی باوکی ناویدەرکرد بەڵام شۆرشی گەلی میسر لە 25 شوباتی 2011 لەکاریخست و، موعەمەر ئەلقەزافی سەرکی کۆماری لیبیای مەزن بایەخیدا بە سیف ئەلاسلامی کوری کە لە کومەڵەی "" مافی مرۆڤ "" کاریئەکردو بە هۆی ڕاپەڕینی لیبیاوە نەیتوانی بچێتە پێشەوەو لە 19 تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر 2011 گیراو چەند پەنجەیەکی دەستیان بری بەڵام سەرکی خۆی و خاوەن خنجەر عەلی عەبدوڵلا ساڵح خاوەنی حزبی موئتەمەری میللی گشتی زۆر بایەخیدا بە کورەکەی ( عەمید ئەحمەد) فەرماندەی گاردی کۆماری و هێزی تایبەت.
کوری سەرکەکان : قوسەی سەدام حسەین ، جەمال حوسنی موبارك، سیف الاسلام القەزافی و ئەحمەد عەلی عەبدوڵلا ساڵح بۆ شانس بوون و هیوایان نەماو نەبوون بە سەرۆك کۆماری عێراق و مسرو لیبیاو یەمەن و، یەکەمیان قوسەی کوژراو، دووەم وسییەم جەمال و سیف ماوەیەك لە زیندان بوون وچوارەم ئەحمەد کرا بە باوکی یەمەن لە ئیمارات.
لیرەدا ئاماژە بۆئەو حزبانە ئەکەن کە بروایان بە وەراسەتی سیاسی هەیە و وەك شوازێك لە سەری ئەروات و تێئەکۆشێت لە پێناو بتەوکردنی و گواستنەوەی حزب بۆ حزبی خیزان و هێزو بنەماڵەو خۆ و قەوارەکەی بەشی سەرکی حزب و کورەکانی و براکانی و خزمەکانی و دەستوپەیوەندەکانیانی ئەکات و، ئەمانە بە نەخوێندەوارو نەزان و جاهیلەکان دەستبەسەر جومگە زیندوەکان ئەگرن و، بواری کەس نادەن بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنەکان و، ئەمان ( سەرۆك وکورەکانی) ئەیانەوێت ئەوان (گەل) گوێ رایەڵ بن و کرنووشیان بۆ ببەن وچیی هەیە بۆ خۆیانی ببەن و، ئەتوانین بڵێن ئەمانە ( نوخبە ـــ کاکڵە) دیکتاتۆرییەتی خزانی چەپەڵ بە بوونی تاکە کەسێك لە سەرکردایەتی

حزبەکە بۆ ماوەیەکی دوورو دریژ یان تا لە ژیاندایە دروست ئەکەن و، تووشی بۆ عەقڵی و دۆگماتیزم ئەبێت و لە زەلکاوی بیری بۆگەن ئەژیت و،خۆی بە سیاسەتمەدارێك کە کەس شان لە شانی نادات دائەنێت و، دەستوپەیوەندەکانی دەورو پشتی باز ئەدەن بۆ گەندەڵی و خواستی یەکەم وکۆتاییان دزی و گەندەڵی و دژایەتی جەماوەرە بۆ ئەوەی ژیانیان پر لە خۆشی و خاوەن توانا بن.

27/5/2020

---

# شەشی برسیکان لە بەرگاتاندایە … شاخوان سەنگاوی

من لەو شەشانەی کە بۆ هەی برستی و بۆ نانی ووددەن زیاتر دەترسم، نێک لە بەرامبەر لەشکرێکی دووسەد هەزار کەسی شەڕ بکەم. ” ناپلیۆن پۆناپارت”
ئەمەی سەروەتایی سەرکردەیەک بوو کە بەشی زۆری ئەوروپای خستە ژێر رکێفی خۆیەوە کە لە ساڵی ١٨١٢ کە ویستی روسیا داگیر بکات خاوەنی سوپایەکی شەش سەد هەزار نەفەریی بوو کەچی ئەو لە شەشی برسیکان دەترسا. ئەی ئەوە لە ماوەی ئەم سی ساڵەی حکومەانی خەتاندا هەرگیز ڕۆژی لە ڕۆژان سەنگەکتان بۆ شەشی برسیکان داناوە؟ یان)…..(.
ئیدی نازانم ئەوە بچیوە دەنازن؟ بەو سوپا زۆبەلاحە شەق وشەنە دەمامکدارەوە دەنازن کە لە ماوەی حکومەانی خەتانا لە نەو کوچە و کۆڵان بگرە لە نەو تاک بە تاکی خەزانەکان بە زۆبری پارە بە بەرژەوەندی پارتکانتان و هەندە جاریش بە بەرژەوەندی تاکی پارتکانتان لە سەر گیرفانی هاولاتیانی ئەم هەرەمە دروستان کردووە. یان بەکەشک و باخانە هەور بەکانی نەو ژیانە شاهانەیکانی سەر گردو گردەکانتان و پارە نوستووەکانی ژێر زەمینەکانتان کە تانانەت هەندکتان لە نوسینی ژمارەی سەفتە دڵارکانیش هەدەکەن، دەنازن. بەڵام من دەڵێم خودایە شەشی

برسیەکان هوو نەدات لە بەر خاتر چاوی کاسی ئەوە نیە! بگرە لە پێناو ئەم نیشتمانەدایە کە بەدرێژایی مێژوو هەزاران لاوچاکی کورد خوێنی خۆیان بەخت کرد لە پێناو ئەمەدا تا تاکەکانی کورد بتوانێت بە ئازادی بدوێت، چونکە من تەدەگەم دووژمنانی کورد جیا لە ئەوە لە هەر چوار لاوە چنوکیان گیر کردووە لە سینەی ئەم هەرەمە، بە ئومێدی ئەوە دەرفەتێک لە سەر سینیەکی ئاڵتونی پێشکەشیان بکەن، کەواتە ئەگەر شەشی برسیەکان هووبدات تەنها بە لە دەست چوونی ئەم هەرەمە کۆتایی نایەت و ئەوش وەکو بەرزەکی بانان بەی دەربچن، باشترە بزانن لە ئێنجامی هوودانی وەها شەشێک کە هوودانی کارەکی حەتمیە، ئەویش بەرئێنجامی ئەو پەسە حکومەانیە فاشیلەتانە کە ماوەی سی ساڵە پێشکەشی هاوپەتیانی ئەم هەرەمەی دەکەن کە هاوتای نیە لە جیهانەدا. ئەوا لە لایەن گەلەوە نا بگرە لە لایەن ئەو پاسەوانانەوە کە شەو و ڕۆژ لە نێو حەرەم سەراکانتانا هاتووچۆ دەکەن کەلەی سەرتان پێشکەشی گەڵ دەکرێت. چونکە نە فیدایەکانی ئەوە وەکو فیدایەکانی سەدام پێشتێ و تەکمەو بەهێز دەبن و نەحکوەانیەکەشتان بە چێشنی ئەو دەبێت. کەواتە باشترین دەرفەتە کە هەموتان دەست خانە نێو دەستی یەک و ئەو سەروەت و سامانەی کە ماوەی سی ساڵە بە دەر لە هەموو بنەمایەکی ئابووری و زانستی وئاینی و ئینسانی و ئەخلاقی لە ژێر زەمینەکاندا لە سەر یەک هەڵتان چنیووە بە شەکی بخنەوە نێو قاسەکانی حکومەانیتان، چونکە ئەوە کەتا بلیتی درێژ کردنەوەی تەمەنی خۆتان و ماڵ و منداڵاتانە. تەماشاکەن حکومەانەکانی چێشنی ئەوە لە مێژووی تازەی شرق اوسط گێشتنە کوێ؟ جگە لە بلەک کردنی سەروەت سامانەکانیان لە لایەن ئەمریکا و ئەوروپای دەستیان و بەجێ هێشتنی ماوەرانیکی کوشندە بە گەل، خێشیان لە کون و کەلەبەرەکاندا گیران، دەرئێنجام ئاقیبەتیان بەو ڕۆژە گێشت کە هەرگیز خەویشیان پێوە نەدەبینی..

شاخەوان سەنگاوی
Shaxaewan.saed@gmail .com

# شۆڕشی گەورەی بەکاری و مەترسیەکانی...

## نووسینی/ ئەحمەد کامەران

[ ] وشەی بەکاری لە بنەڕەتدا ، وشەیەکی زۆر مەترسیدارە کە لە ئەنجامی چەندین پرسی جۆراو جۆراو دەتە ئاراوە، یاخود زۆر بەشێوەیەکی مەترسیدار بینەقاقای کەمەگاکان دەگرێت، بەتایبەتیش کەمەگا سەرمایەدارەکان کە خاوەنی هیچ جۆرە ئابووریەکی بەهێز و تەکمەدار نین، کەبتوانن ڕووبەڕووی هەموو جۆرە قەیرانێکی بەکاری و دەردەسەریەک ببنەوە، ئەمەش جگە لە بوونی گەندەڵی و ناشەفافی ئابووری لە کەمەگا سەرمایەدارەکان دا کە بەداهاتێکی ئەجگار زۆر بەناڕوونی خەرج دەکرێت و هاوکاتیاکانیشی لێی بێ ئاگان ،کەئەمەش دەخەکە دوو ئەوەندەی تر قورستر دەکات، بەسەر شانی خەڵکی هەژار و چینی کرێکارەوە ،بەگومان دەرئەنجامی بەکاری و برسێتی لەهەر کەمەگایەک دا بریتیە لە شکانی لە دژی سیستەمی حوکمەانی ئەو وەاتەدا و گۆڕینی بە سیستەمێکی نوێتر کە دادپەروەری وێکسانی تێدا فەراهەم بکرێت.

[ ] ئەگەر چی لە ئێستادا جیهان بە دوو سەردەمی جیاواز دابەش بووە، ئەویش جیهانی پێش کرێناو،جیهان لەسەردەمی کرێنادا، بەڵام هەتاوەکو ئێستا هیچ ئاسەیەکی ڕوون دیارنیە بە پاش سەردەمی کرێنا، بەڵام ئەوەی کە من تێبینی دەکەم ،جیهان لە پاش قایرەسی کرێنادا پێ دەنێتە وەستگەیەکی تری حوکمەانی دا، بەڵام هەتاوەکو ئێستا ئەو حوکمەانیە دیار نیە کە لە پاش کۆڕنادا بەڕەوە دەچێت ، ئەگەر چی جیهان لەپێش سەردەمی کرێنادا لە ژێر هەژموونی حوکمەانی سیستەمی سەرمایەداری بەڕەوە دەچوو، کە دوور بوو لەهەموو جۆرە سیستەمێکی سۆسیالیستی دا کە ئەمەش چینی کرێکار باجێکی دەداو ،هەروەها هەتا دەهات چینایەتیەکی زۆر گەورە لەنێوان تاکەکانی کەمەگا دروست ببوو،کە وا چاوەڕوان دەکرا شۆڕشێکی گەورەی بەدوای خۆیدا بهێنێتەوە، بەڵام لەناکاو شۆڕشگێکی کووشندە جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد کە ئەویش قایرەسی کرێنایە،ئەگەر چی زۆرجار دەگوترێت بەاوبوونەوی ئەم قایرەسە یاریەکی تری دەسەڵات دارەکان و سەرمایەدارانە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە گرنگە کە کە ئێستا لەم یاریە براوە دەبێت و کە تر لەم یاریە دەڕاوە دەبێت،ئەگەر لە ئێستادا بەچاو خشانێک تەماشای بارودۆخەکە بکەین دەبینین کە چینی هەژار و

کرێکار زۆر مەندی ئەم ڤایرەسە بوونە جگە لەوەی کە ئەوانەی بوونە قوربانی ئەم شێوەلە ڤایرەس، بەڵام ئەوەی کە ماوەتە باجەکەی زۆر بەقورسی دەدات، دیارترین باجیش کە چینی هەژار دێدات لەسەردەمی کۆرۆنادا بریتیە لە بەزبوونەوەی ژمارەی بێکاری ، ئەمەش بەهۆی داخستنی بازارەکانی کارو کەم بوونەوەی دەستی کار .کە ئەمەش وا چاوەڕوان دەکرێت لە پاش شێوەلی کۆرۆنا ،شێوەلێکی گەورەی بێکاری و برسێتی ڕووبکاتە جیهان.

[ ] ئەوەی بەلای منی نووسەر ئەوە گرنگە کە هیوادەخوازم جیهان لەپاش تێپەڕاندنی ئەم ڤایرەسەدا پێ بنێتە قۆناغێکی تری حوکمەانی ،کە هاوکات حوکمەانیێک بێت لەسەربنەمایەکی سەسیالیستانە بنیاد بنرێت کە چیتر جیاوازی چینایەتی بوونی نەمێنێت،کە ئەمەش بەلای منەوە دەبێتە لە دایک بوونی مەڤایەتیەکی نوێ لەسەر گەی زەوی دا…